Zanco Journal of Human Sciences (ZJHS)
TYPE: Original article
DOI https://doi.org/10.21271/zjhs.30.2.8

# ئاسایشی دەروونی و پەیوەندی بە واتای ژیان لای مامۆستایانی زانکۆی سلێمانی

OPEN ACCESS
*Corresponding author
Blal Mahmud Abdulqader
blal.abdulqader@univsul.edu.iq

RECEIVED :17 /03/2025
ACCEPTED :25/05/ 2025
PUBLISHED :15/04/ 2026

**نیهایەت فرج محمد/** بەشی پەروەردەی تایبەت، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی،هەرێمی کوردستان، عێراق
**بلال محمود عبدالقادر/** بەشی پەروەردەی تایبەت، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی ،هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە**

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە زانینی پەیوەندی نێوان ئاسایشی دەروونی و واتای ژیان لای مامۆستایانی کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی زانکۆی سلێمانی، بەگوێرەی گۆڕاوی (ڕەگەز، تەمەن، بسپۆڕی). ڕێبازی توێژینەوەکە (وەسفییە)، نموونەی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە مامۆستایانی کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی زانکۆی سلێمانی، بەگوێرەی هەردوو گۆڕاوی ڕەگەز (نێر-مێ) بۆ ساڵی خوێندنی (2023-2024)، کە ژمارەیان (٥٦) مامۆستایە لە بەشەکانی کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی. بە مەبەستی گەیشتن بە ئامانجەکانی توێژینەوەکە، توێژەران پێوەری (عقل، 200٩)، یان بۆ ئاسایشی دەروونی بەکارهێنا کە پێکهاتووە لە (٢٦) برگە ، هەروەها پێوەری (عائشی، 201٧)، یان بۆ واتای ژیان بەکارهێنا کە پێکهاتووە لە (٢٨) برگە، پاش دەرهێنانی ڕاستگۆیی ڕواڵەتی و جێگیری بۆ پێوەری ئاسایشی دەروونی و واتای ژیان بەڕێگای دووبارە تاقیکردنەوە، کە ڕێژەکەی بریتی بوو لە (٠.٨٨٣) بۆ ئاسایشی دەروونی، وە (٠.٨٥٤) بۆ واتای ژیان، دوایی دەرهێنانی جێگیریی بەگوێرەی ڕێکارە ئامارییەکان و گەیشتن بە ئەنجام، توێژینەوەکە گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە:

١- ئاسایشی دەروونی ئاستی بەرزە لای مامۆستایانی کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی زانکۆی سلێمانی.

٢- واتای ژیان ئاستی بەرزە لای مامۆستایانی کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی زانکۆی سلێمانی.

٣- پەیوەندییەکی ڕاستەوانە هەیە، لەنێوان ئاسایشی دەروونی و واتای ژیان لای مامۆستایانی کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی زانکۆی سلێمانی.

٤- جیاوازی ئاماری نییە بۆ ئاسایشی دەروونی و واتای ژیان لای مامۆستایانی کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی زانکۆی سلێمانی بەگوێرەی (تەمەن و بسپۆڕی)، بەڵام جیاوازی ئاماری هەیە، بەگوێرەی ڕەگەز(نێر و مێ) لەبەرژەوەندی ڕەگەزی نێر.

**وشە سەرەکییەکان:**
ئاسایشی دەروونی،
واتای ژیان،
مامۆستای زانکۆ

**About the Journal**
Zanco Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields. https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

## 1. پێشەکی:

بابەتی ئاسایشی دەروونی یەکێکە لە پێداویستیە سەرەکییەکانی هەرەمی پێداویستیەکانی ماسلۆ، کە هەموو کەسێک پێویستی پێیەتی بۆئەوەی هەست بەئارامی بکات و بتوانێت بگاتە لوتکەی هەرەمی پێدوایستیەکان، کە ئەویش بەدیهێنانی خودە، بەپێچەوانەشەوە هەرکاتێک مرۆڤ ئاسایشی دەروونییەکەی دەکەوێتەمەترسییەوە، ئەوا دووچاری نائارامیی و ئازار دەبێت، هەر ئەمەش ڕەنگە فاکتەرێک بێت، بۆئەوەی ئەو تاکە هەست بەواتای ژیانی خۆی نەکات و هیچ واتایەکی بۆ ژیانی تایبەتی خۆی نەبێت.

ڕەنگە یەکێک لە پاڵنەرە هەرە گرنگەکان لە پشت گرنگیدانی زۆر لەم بابەتەدا گرنگی بەدیهێنانی ئاسایشی دەروونی بۆ مرۆڤ بێت، وە ئەوەی کە بزوێنەری ئەم پێویستیەیە ڕەفتارەکان و ئاراستەکردنییەتی بە ئاڕاستەیەکی دروستدا، بەڵام لەدەستدانی هەستکردن بە ئاسایش دەبێتە هۆی تێکچوونی دەروونی و ڕەفتار و کاریگەری لەسەر ڕەوتی ژیانی مرۆڤ و چالاکییە جیاوازەکانی لە بوارە جیاوازەکاندا دەبێت، بۆیە نەبوونی ئاسایشی دەروونی ئەزموونێکی کەسی بە ئازارە کە هەموو مرۆڤێک لە قۆناغێکی ژیانیدا و بە پلەیەکی جیاواز بەرکەوتەی دەبێت، بەتایبەت لە نێو ئەو کەسانەی کە بە ئەزموونێکی پڕ لە ئازاردا تێپەڕیون، کە وای لێکردوون نائومێدبن و لە خێزان دوور بکەونەوە.

### ١-١ کێشەی توێژینەوەکە:

ئاسایشی دەروونی بە یەکێک لە پێداویستییە گرنگەکان بۆ بنیاتنانی کەسایەتی مرۆڤ دادەنرێت، بەو پێیەی ڕەگەکانی لە تەمەنی منداڵییەوە درێژدەبنەوە تا تەمەنی پیری، هەروەها لە سەرجەم قۆناغە جیاوازەکانی تەمەندا بەردەوام دەبێت، ئاسایشی مرۆڤ دەکەوێتە مەترسییەوە، ئەگەر بەر هەر یەکێک لە فشارە دەروونی و کۆمەڵایەتییە بەرگە نەگیراوەکان بکەوێت لەو قۆناغانەدا، کە دەبێتە هۆی تێکچوونی ئەو ئاسایشە، بۆیە ئاسایشی دەروونی یەکێکە لە پێداویستییە باڵاکانی مرۆڤ، کە بەبێ بەدەستهێنانی پێداویستییە نزمەکانی مرۆڤ ناتوانرێت بەدەستبهێنرێت (عقل، ٢٠٠٩: ٥).

چەمکی ئاسایش چەمکێکی خودیە، کە پشت دەبەستێت بە پاراستنی دەروونی مرۆڤ بەو ئامانجەی کە خۆی لەو مەترسییە ژینگەیی و مرۆییانە بپارێزێت، کە ڕەنگە بەری بکەوێت، ئەمەش وای لێکرد ئاڕاستەی بگۆڕێت بەرەو کەسانی تر و ژیان لەگەڵ ئەوانی دیکەدا هەنگاو بنێت بۆ نەهێشتنی تەنیایی، چونکە درکی بەوەکرد کە یەکێتی هێزێکە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ترس و مەترسی لەدەستدانی ئاسایشی تاکەکەسی، کە ئەمەش بەبێ یەکگرتن لە کۆمەڵگەیەکی مرۆیی کە گەرەنتی سەقامگیری بکات، بەدەست ناهێنرێت (أقرع، ٢٠٠٥: ٢).

پێویستی ئاسایش یەکەم پاڵنەری دەروونی و کۆمەڵایەتییە کە ڕەفتاری مرۆڤ بەرەو ئامانجەکەی ئاراستە دەکات، ئەگەر مرۆڤ نەیتوانی بە پێویستی ئاسایشی خۆی بگات، ئەمەش دەبێتە هۆی بێتوانایی لە جوڵەکردن و هەنگاونان بەرەو دیهێنانی خودی خۆی (Humble & Ahnsjo, 2006: p.355).

بە لام لە دەستدانی هەست بە ئاسایشی دەروونی ڕەنگە هۆکارێک بێت، بۆ هە ندێک تێکچوونی دەروونی و کاریگەری لەسەر هەستکردن بە ئاسایشی تاک هەیە، کە ئەمەش لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر و لە قۆناغێکی تەمەنەوە بۆ قۆناغێکی تر و لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی تر جیاوازە (مطلك، ١٩٩٤: ٨).

ئاسایشی دەروونی تاک گرنگترین هۆکارە کە یارمەتیان دەدات، بەشێوەیەکی دروست لەگەڵ واقیعدا خۆیان بگونجێنن، هەروەها هۆکارێکی گرنگ و پێویستە بۆ سەقامگیری شوناس و بەدیهێنانی خود، هەروەها درککردن بە مانای ژیان بە یەکێک لە نیشاندەرە بنەڕەتییەکانی دروستی دەروونی دادەنرێت، بۆیە ڕێبازی دەستکاریکردنی نوێنەرایەتییەکان، سەبارەت بە داهاتوو و بنیاتنانی مانا لە ژیاندا ڕێبازێکی سەرکەوتووە بۆ گەیشتن بە دروستی دەروونی بۆ هەموو کەسێک (خوج، 2011: ١٢).

(فرانکل) جەخت لەوە دەکاتەوە، کە مانای ژیان بۆ هەموو مرۆڤێک ئەوەیە، کە دەتوانێت هەوڵی بێوچان و بەرگەگرتنی ئازارەکان بکاتە شتێک کە بەهای ژیانی پێبدات، وە ئاستی خواستی بەرز بکاتەوە، تا ئەو ئاستەی کە شایەنییەتی، بەڵام مرۆڤ هەوڵدەدات کە مانا و ئامانجێک بدۆزێتەوە بۆ ژیانی بەو ئامانجەی کە ئاسایشی دەروونی بۆ دابین بکات (فطوح، ٢٠٢٢: ٢١٨).

لەسەر بنەمای ئەم کێشەیەی سەرەوە، توێژەران هەست دەکەن پێویستییەکی هەنووکەیی هەیە، بۆ توێژینەوە لە ئاسایشی دەروونی و مانای ژیان لەلای مامۆستایانی زانکۆ، بەپێیەی کە مامۆستایانی زانکۆ توێژێکی گرنگن لە ناو کۆمەڵگا، لەژێر ڕۆشنایی کۆمەڵێک گۆڕاوی دیمۆگرافی کە گرنگن لە دروستکردنی جیاوازی لە نێوان مامۆستایاندا، هەروەها ئەو دۆخەی کە مامۆستایانی زانکۆی سلێمانی ئەمڕۆ لەژێر ڕۆشنایی گۆڕانکارییە ناوخۆیی و جیهانییەکاندا ئەزموونی دەکەن، ئەمانە پاڵنەرێکی بەهێزن بۆ چارەسەرکردنی ئەو پرسە لەناوەندە ئەکادیمییەکاندا، بۆیە نەمانی واتای ژیان لەم ڕۆژگارەی ئێستادا گرفتی بۆ مامۆستایان دروست کردووە، بەتایبەت بەهۆی ئاڵۆزییەکانی باری دارایی و کێشە یەک لەدوای یەکەکانی هەرێمی کوردستان و عێراق، هەرئەمەش کاریگەرە لەسەر نەمانی ئاسایشی دەروونی و دارایی تاک بۆیە کێشەی توێژینەوەکە خۆی لەم پرسیارانەدا دەبینێتەوە:

١- ئایا ئاسایشی دەروونی لەلای مامۆستایانی زانکۆی سلێمانی هەیە؟

٢- ئایا مانای ژیان لەلای مامۆستایانی زانکۆی سلێمانی هەیە؟

٣- ئایا پەیوەندی لە نێوان ئاسایشی دەروونی و مانای ژیان لای مامۆستایانی زانکۆی سلێمانی هەیە؟

**١-٢ گرنگی توێژینەوەکە:**

ئەم توێژینەوەیە سوودی بۆ بەرپرسانی زانکۆ و کۆلێژ و فاکەلتیەکان دەبێت، چونکە تێگەیشتن لە ئاسایشی دەروونی مامۆستایان دەمانگەیێنتە دەرئەنجامەکانی کێشەکانی مامۆستایان، هەروەک سوودی بۆ مامۆستایان دەبێت، چونکە چەمکی واتای ژیان لاییان ڕوونتر دەبێتەوە، بۆیە ئەم توێژینەوەیە تیشک دەخاتە لەسەر یەکێک لە توێژە گرنگەکانی کۆمەڵگا ئەوانیش مامۆستایانی زانکۆن، وە کەمی توێژینەوە کە پێوانی ئاستی ئاسایشی دەروونی و واتای ژیان بکات، لای مامۆستایانی زانکۆ و کاریگەرییە دەروونیە پێچەوانەکانی هاوپەیوەست بەم گۆڕاوانە کە بە ڕۆڵی خۆی پێویستی بە چارەسەری دەروونی هەیە، لە کاتی نەبوونی ئاسایشی دەروونی لە لایان، لەمانەوە توێژەران گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەم خاڵانەی خوارەوە دەخەنەڕوو بۆ ئەو کەس و چینانەی کە سوودی لێوەردەگرن.

١) گرنگی و پێگەی توێژی مامۆستایانی زانکۆ، بووەتە پێویستیەکی زانستی بۆ لێکۆڵینەوە لە بارودۆخی دەروونییان و ئەو فشارە دەروونییە جۆراوجۆرانەی کە ڕەنگە ببێتە هۆی ئەوەی جگە لە نەبوونی ئاسایشی دەروونی، بێتوانایی بەردەوام لە پرۆسەی فێرکردنی سەرکەوتووش بەدوای خۆیدا بهێنێت.

٢) ئەم توێژینەوەیە سەرنجی توێژەرانی تر ڕادەکێشێت بۆ گۆڕاوی تر کە پەیوەندییەکی بە هێزیان بە ئاسایشی دەروونی و واتای ژیانی ئەم چینە و تەندروستی دەروونیان هەیە.

٣) توێژەرانی بواری ڕێنمایی دەروونی ئاراستە دەکات، بۆ جێبە جێکردنی بەرنامەی ڕێنمایی بۆ ئەم چینەی کۆمەڵگا.

**١-٣ ئامانجەکانی توێژینەوەکە:**

١. زانینی ئاستی ئاسایشی دەروونی لای مامۆستایانی زانکۆی سلێمانی.

٢. زانینی ئاستی واتای ژیان لای مامۆستایانی زانکۆی سلێمانی.

٣. زانینی پەیوەندی نێوان ئاسایشی دەروونی و واتای ژیان لای مامۆستایانی زانکۆی سلێمانی.

٤. دەرخستنی جیاوازی ئاماری ئاسایشی دەروونی و واتای ژیان لای مامۆستایانی زانکۆی سلێمانی، بە پێی گۆڕاوەکانی وەکو ڕەگەز (نێر و مێ)و بسپۆڕی (زانستی و مرۆڤایەتی) و ساڵانی خزمەت.

**١-٤ سنووری توێژینەوەکە:**

١. سنووری بابەتی: ئاسایشی دەروونی، واتای ژیان.

٢. سنووری مرۆیی: مامۆستایانی زانکۆی سلێمانی.

٣. سنووری شوێن: کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی زانکۆی سلێمانی-پارێزگای سلێمانی.

٤. سنووری کات: ساڵی خوێندنی (٢٠٢٤-٢٠٢٥).

## 1-٥ پێناسەی چەمک و زاراوەکان:

### ١-٥-١ ئاسایشی دەروونی:

١. (ماسلۆ، 1970): ئاسایشی دەروونی بە یەکێک لە پێداویستییە سەرەتاییەکانی مرۆڤ دادەنرێت، کە پێویستی ئاسایش بریتیە لە پێویستی دڵنیاکردنەوە، سەقامگیری، متمانەپێکردن، پاراستن و ئازادبوون لە ترس و دڵەڕاوکێ و نائارامی، کە هەموو ئەمانە وا لەتاک دەکەن، هەست بە ئارامی و سەربەخۆیی و نەبوونی مەترسی و هەڕەشە و دوورکەوتنەوە لە ئازار بکات، بۆیە تاک پێویستی بە پاراستن لە سەختی دارایی و بیمەی بێکاری و کەمئەندامی هەیە، لە بەرامبەر پیری و نەخۆشی (Maslow, 1970: p.27) .

٢. (زهران، ٢٠٠٢): ئاسایشی دەروونی لە هەستی تاکەوە سەرچاوە دەگرێت، کە تییدا تاک دەتوانێت پەیوەندییەکان بەدیبهێنێت و هاوسەنگی لەگەڵ کەسانی دیکدا بپارێزێت، کە لە ڕووی سۆزدارییەوە گرنگن لە ژیانیدا و بەم شێوەیەش لە لایەنی کۆمەڵایەتییەوە سەیری ئاسایشی دەروونی دەکات (زهران، ٢٠٠٢: ٨٥).

٣. (السويركي، ٢٠٢٣): ئاسایشی دەروونی حاڵەتێکە لە تێرکردنی پێداویستییەکانی مرۆڤ بەبێ ئەوەی ڕووبەڕووی مەترسی ببێتەوە، بەجۆرێک لەهەستی دڵنیابوون و متمانە بەخۆبوون پێکهاتووە، کە تیایدا تاک سەلامەت دەبێت و هەست بە ئارامی دەروونی دەکات، لە هەموو لایەنەکانی ژیاندا، ئەم هەستەش بە دڵنیاکردنەوە دەورە دراوە (السويركي، ٢٠٢٣: ٩).

پێناسەی ڕێککاری بۆ ئاسایشی دەروونی:

بریتیە لەو نمرەیەی کە بەدەستهاتووە بۆ پێوەری ئاسایشی دەروونی لەمیانەی ئەو مەبەستەی کە بۆی ئامادەکراوە.

پێناسەی تیۆری بۆ ئاسایشی دەروونی:

هەستکردنی تاکە بەئارامی و ئاسایش لەڕووی دەروونییەوە، ئەمەش پەیوەستە بە دابینکردنی پێداویستیەکانی تاکەوە، ئەم هەستەش لە میانەی متمانەی تاک بەخودی خۆیەوە دێتە ئاراوە، بەبێ بوونی مەترسی و دووربوون لە ئازار.

### ١-٥-٢ واتای ژیان:

١. (فرانكل، 1982): حاڵەتێکە کە مرۆڤ هەوڵدەدات پێی بگات، بۆ ئەوەی بەها و مانا بە ژیانی خۆی ببەخشێت، کە شایەنییەتی، کە ئەمەش لە ئەنجامی تێرکردنی پاڵنەرە بنەڕەتییەکانیدا ڕوودەدات، کە ئارەزووی بەدەستهێنانی مانا دەکات (فرانكل، 1982: 131).

٢. (ڕێکر ،2004): زانیاری و زانینی تاکە بەمەبەستی ڕێکخستن و گەیشتن بە ئامانجەکانی لە ژیاندا، وە تێگەیشتن لە خودی خۆی، بەمەبەستی هەوڵدان بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی لە ژیاندا ( Reker, 2004: p.13).

٣. (هيبة وآخرون، 2017): هەستێکی ئەرێنییە بۆ تاک، کە تییدا بەها و مانای ڕاستەقینە بە ژیانی خۆی دەدات، وەک خۆشەویستی و لێبوردەیی بۆ خۆی و ئەوانی دیکە، هەروەها توانای هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی، تێپەڕاندنی خۆی بەرامبەر بەوانی تر، بەشێوەیەک بە ئامانجەکانی خۆی بگات و قبوڵکردنی ژیانی خۆی و ڕازیبوونی پێی بەشێوەیەکی گشتی (هيبة وآخرون، 2017: ص 33).

پێناسەی ڕێککاری بۆ واتای ژیان:

بریتیە لەو نمرەیەی کە بەدەستهاتووە بۆ پێوەری واتای ژیان لەمیانەی ئەو مەبەستەی کە بۆی ئامادەکراوە.

پێناسەی تیۆری بۆ واتای ژیان:

توانای تاکەکەسە بۆ ئەوەی مانا بە ژیانی ببەخشێت، لە ڕێگەی بەدواداچوونەکانی بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی و بەدیهێنانی خودی خۆی، لەمیانەی تەواوکردنی پرۆژەکانی و قبوڵکردنی خۆی و دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ ئەوانی تر و خزمەتکردنیان بەپێی بەها و پێوەرەکانی ئایین و کۆمەڵگا.

**دووەم: چێوارچێوەی تیۆری و توێژینەوەکانی پێشوو**

**٢-١ چوارچێوەی تیۆری:**

**٢-١-١ ئاسایشی دەروونی (الأمن النفسي):**

ئاسایشی دەروونی لە هەستی تاکەوە سەرچاوە دەگرێت، کە دەتوانێت پەیوەندییەکی دڵخۆشکەر و هاوسەنگ لەگەڵ کەسانێکدا بپارێزێت، کە لە ڕووی سۆزدارییەوە گرنگن لە ژیانیدا (الحفني، ١٩٩٤: ٧٠).

ئاسایشی دەروونی بە واتای دڵنیاکردنەوە و هەستکردنە بە ئاسایش و متمانە و ئازادبوون لە ترس، یان هەڕەشە، هەستێکە کە پێدەچێت هۆکارەکانی وەک: قبوڵکردنی دایک و باوک و هاوڕێکان و پەرەپێدانی توانا و لێهاتوویی گونجاو لەگەڵ تەمەن (زهران، ٢٠٠٢: ٨٦).

بەشێوەیەکی گشتی ئاسایشی دەروونی ئاماژەیە بۆ ئەو هەستەی کە تاکەکان هەست بە سەلامەتی دەکەن، لە ژینگەکەیاندا، ڕێگەیان پێدەدات گوزارشت بکەن و بەشداری بکەن بەبێ ترس لە دەرئەنجامە نەرێنییەکان، ئەم چەمکە لە هەردوو دۆخی کەسی و پیشەییدا زۆر گرنگە، چونکە کەشێکی متمانە و کراوەیی و هاوکاری پەیرەودەکات (نعيسة، ٢٠١٢: ١٣٤).

**پێداویستی ئاسایشی دەروونی لای ماسلۆ:**

ئەمانەی خوارەوە پێداویستیەکانی ئاسایشی دەروونین بەگوێرەی دیدی ماسلۆ:

**پێداویستییە فسیۆلۆجییەکان:** ئەمانە بریتین لە پێداویستییە سەرەتاییە جەستەییەکان بۆ بەردەوامیی ژیان، وەک پێویستی خواردن، خواردنەوە، هەوا، جلوبەرگ، ئاسوودەیی و هتد.

**پێداویستی سەلامەتی و ئاسایش:** ئەمانە بریتین لە پێویستی کەسێک بۆ ئاسایش، جا ئەم ئاسایشە ماددی بێت، ئەخلاقی بێت، یان دەروونی بێت.

**پێداویستی خۆشەویستی:** ئەمانەنە بریتین لە پێویستی تاک بۆ هەستکردن بە خۆشەویستی لەلایەن کەسانی تر و کارلێککردن لەگەڵ تاکەکانی دیکەی کۆمەڵگا.

**پێداویستیەکانی ڕێزگرتن:** ئەمانە بریتین لە پێویستی تاک بۆ هەستکردن بە قەدرزانی و ڕێزگرتن لەلایەن کەسانی ترەوە، هەروەها هەستکردن بە توانا و سەرکەوتن، هەروەها پێویستی کەسەکە بۆ قەدرزانینی خۆی.

**پێداویستیەکانی نرخاندنی خود:** ئەمانەش بریتین لە تێڕوانینی تاک بۆ خودی خۆی و نرخاندنی خود و بەهای خۆی، ئەم نرخاندنە هەموو لایەنەکانی مرۆڤ دەگرێتەوە.

**پێداویستیەکانی بەدیهێنانی خود:** ئەمە پێویستی تاکە بۆ گەیشتن بە خەون و هیواکانی بەو شتەی کە هەمیشە ویستوویەتی بێت و ئەمەش بە کەڵک وەرگرتن لە توانا و بەهرەکانی بۆ گەیشتن بە پێگەی خوازراو ئەنجام دەدرێت. (محمد، ٢٠٢١، ١٦٤).

تیۆری ئەبراهام ماسلۆ یەکەم و دیارترین تیۆرییە، کە باس لە پێداویستییە دەروونییەکان دەکات، لەوانەش پێویستی ئاسایشی دەروونی، بە پێشکەشکردنی ڕوونکردنەوەیەکی ڕوونتر لەسەر پرۆسەی هاوسەنگی دەروونی و گونجان و تەندروستی دەروونی، کە لە بەرامبەردا دەبێتە هۆی کەسایەتییەکی تەندروست و گونجاو کە توانای خۆشەویستی و سەربەخۆبوون و سەلامەتی هەبێت. لەم چوارچێوەیەدا ماسلۆ دەڵێت مرۆڤ بە پاڵنەر لەدایک دەبێت بۆ گەیشتن بە پێداویستییە سەرەتاییەکان لە شێوەی پێداویستییە فیزیۆلۆژییەکانی وەک برسێتی و تینوێتی، لە ڕێگەی پێداویستییەکانی ئاسایش و سەلامەتییەوە، پاشان پێداویستییەکانی سەربەخۆیی و قبوڵکردن زامن دەکات، مرۆڤ دوای گەیشتن بە هەموو ئەو پێداویستیانە هەوڵ دەدات بۆ گەیشتن بە خۆی و بۆ گەیشتن بە بەرزترین قۆناغەکانی ئارامی لەگەڵ خۆی و بەدیهێنانی خودی خۆی و پێدانی واتا بۆ ژیانی خۆی (خطاب، ٢٠١٧: ٤٧٤).

**٢-١-٢ واتای ژیان (معنى الحياة):**

زاراوەی مانای ژیان لە دەروونناسیدا لە ڕێگەی بەشدارییەکانی (ڤیکتۆر فرانکڵەوە) لە بواری چارەسەری مانادا دەرکەوت، توێژەران لە ژێر چەندین ناودا مامەڵەیان لەگەڵ مانای ژیاندا کردووە، لەوانە: مانای وجودی، مانای ژیان،

ئامانجی ژیان، مانای کەسی، ئەرکەکانی ژیان، ئامانجەکانی ژیان، سەرەڕای ئەو ناوە جیاوازانەی کە ئەم چەمکە ناوی لێنراوە، بەڵام لە دەوری یەک مانادا دەسوڕێتەوە و لە زۆرێک لە لێکۆڵینەوەکاندا بە شێوەیەکی گۆڕاو بەکاردەهێنرێت، ئەویش مانای ژیانە (Petra, 2003: p.3).

(فرانکڵ) پێی وایە مانای ژیان لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی و لە مرۆڤێک بۆ مرۆڤێکی تر و لە ڕۆژێکەوە بۆ ڕۆژێکی تر و لە کاتژمێرێکەوە بۆ کاتژمێرێکی تر دەگۆڕێت، بۆیە نابێت بەدوای مانایەکی ئەبستراکتی ژیاندا بگەڕێین. هەر تاکێک ئەرکێک، یان چەند ئەرکێکی تایبەتی خۆی لە ژیاندا هەیە، کە بەسەریدا دەسەپێت و دەبێت بەدەستی بهێنێت. کەسێک ناتوانێت جێگەی کەسێکی تر بگرێتەوە، ژیانیشی دووبارە نابێتەوە. لێرەوە ئەرکی هەر مرۆڤێک لە ژیاندا ناوازەیە، هەروەک چۆن دەرفەتی خۆی بۆ گەیشتن بەو ئەرکە تایبەتە (فرانکل، ١٩٩٨: ١٤٥). بۆیە هەموو مرۆڤێک و هەموو تەمەنێک دەرفەتێکی ناوازەی هەیە بۆ دۆزینەوەی مانایەکی زۆر تایبەت بۆ خۆی (سالم، ٢٠٠٥: ٤٢).

هەروەها ئەم تیۆرە پێی وایە مرۆڤ زۆرجار وەڵامی پاڵنەرە غەریزەییەکانی خۆی ناداتەوە، هەرچەندە کۆنترۆڵی بەسەریاندا هەیە، بەڵکو بەهێزتر وەڵامی ئەو بەهایانە دەداتەوە، کە لە جیهانەکەیدا هەستی پێدەکات، هەروەها وەڵامی ئەو مانا شاراوانە دەداتەوە، کە لە ژیانیدا هەستی پێدەکات. بە بۆچوونی فرانکل زۆرێک لەو کردارانەی مرۆڤ ئەنجامی دەدات و زۆرێک لەو بڕیارانەی کە دەیدات، لە ڕاستیدا تەنها دەربڕینێکی ڕاستەقینەی پرۆسەی گەڕانە بەدوای بەها و ماناکاندا (کامل، ٢٠١٩: ٥٦٨).

### ٢-٢ توێژینەوەکانی پێشوو:

### ٢-٢-١ تایبەت بە ئاسایشی دەروونی:

### ٢-٢-١-١ توێژینەوەی (الجبر، ٢٠١٦) بەناونیشانی:

ئاسایشی دەروونی و پەیوەندیی بە چەمکی دڵەڕاوکێ لەلای خوێندکارانی کۆلێژی هونەرە جوانەکان.

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە دۆزینەوەی پەیوەندییە لەنێوان ئاسایشی دەروونیی و خەمۆکی لای خوێندکارانی کۆلێژی هونەرە جوانەکانی زانکۆی بابل. ڕێبازی وەسفی بەکارهێنراوە لەسەر نموونەی توێژینەوەکە، ژمارەی نموونەی توێژینەوەکە بریتیە لە (٢٠٠) خوێندکار لە هەردووی ڕەگەزی (نێر - مێ)، دوای شیکردنەوەی ئامانجەکان و بە پشتبەستن بە ئەنجامی توێژینەوەکە، توێژەر بەم ئەنجامانە گەیشتووە: خوێندکارانی کۆلێژی هونەرە جوانەکان ئاستێکی بەرزی ئاسایشی دەروونیان هەبوو، وە پەیوەندییەکی ئەرێنی لە نێوان ئاسایشی دەروونی و چەمکی دڵەڕاوکێ هەبوو، هەروەها جیاوازییەکی ئاماری بەرچاو لە ئاستی ئاسایشی دەروونی لە نێوان خوێندکارانی کۆلێژدا هەیە، بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز لە بەرژەوەندی ڕەگەزی مێ. هەروەها جیاوازییەکی ئاماری بەرچاو لە ئاستی چەمکی دڵەڕاوکێ لە نێوان خوێندکارانی کۆلێژدا هەیە، بەپێی گۆڕاوەی ڕەگەز لە بەرژەوەندی ڕەگەزی نێر.

### 2-٢-١-٢ توێژینەوەی (السماك، ٢٠٢١) بەناونیشانی:

ئاسایشی دەروونی و پەیوەندیی بە هەندێک لە گۆڕاوە دەروونییەکان لەلای خوێندکارانی زانکۆی کوێت.

ئەم توێژینەوەیە ئامانجی زانینی پەیوەندی ئاسایشی دەروونی و پەیوەندی بە هەندێک لە گۆڕاوی دەروونییەوەیە لەلای خوێندکارانی زانکۆی کوێت، توێژینەوەکە لەسەر نموونەیەکی هەڕەمەکی (562) خوێندکاری (نێر و مێ) (279) مێ و (265) نێر لە زانکۆی کوێت جێبەجێ کراوە، ڕێبازی وەسفی بەکارهێنراوە لەسەر نموونەی توێژینەوەکە، ئەنجامەکانی توێژینەوەکە ئاماژەیان بە بوونی جیاوازییەکی ئاماری بەرچاو لەنێوان ڕەگەزەکاندا کرد لە ئاسایشی دەروونیدا بە ئاراستەی ڕەگەزی نێر، وە بوونی پەیوەندییەکی ئاماری گرنگ لە نێوان ئاسایشی دەروونی کەم و خەمۆکیدا، هەروەها بوونی پەیوەندییەکی بەرچاو لەنێوان ئاسایشی دەروونی دەمارگیریی، لە کۆتاییدا توێژینەوەکە ئەگەری پێشبینیکردنی گۆڕاوی ئاسایشی دەروونی بە بەکارهێنانی گۆڕاوەکانی خەمۆکی و دڵەڕاوکێ دۆزیەوە.

**٢-٢-٢ تایبەت بە واتای ژیان:**

**٢-٢-٢-١ توێژینەوەی (الجهنی، ٢٠١٤) بەناونیشانی:**

واتای ژیان و پەیوەندی بە خەمۆکی و ئاستی خواست لای خوێندکارانی زانکۆ.

ئەم توێژینەوەیە ئامانجی زانینی پەیوەندی نێوان واتای ژیان و خەمۆکی و ئاستی خواستە لای خوێندکارانی زانکۆی ئیمام محمد بن سعودی ئیسلامی، توێژینەوەکە لەسەر نموونەیەکی هەڕەمەکی (١٨٩) خوێندکاری (نێر و مێ) لە تەمەنی نێوان (١٩-٢٢) جێبەجێ کراوە، ڕێبازی وەسفی بەکارهێنراوە لەسەر نموونەی توێژینەوەکە، ئەنجامەکانی توێژینەوەکە دەریخستووە پەیوەندییەکی بەهێزی ئاماری هەیە لەنێوان واتای ژیان و ئاستی خواست لای خوێندکارانی زانکۆی ئیمام محمد بن سعودی ئیسلامی، بەڵام هیچ پەیوەندییەکی ئاماری نییە لەنێوان واتای ژیان و خەمۆکی لای خوێندکارانی زانکۆی ئیمام محمد بن سعودی ئیسلامی، هەروەها جیاوازییەکی بەرچاو لەنێوان ڕەهەندەکانی واتای ژیان هەیە، لەسەر دەستکەوتی خوێندن.

**٢-٢-٢-٢ توێژینەوەی (هاشم، ٢٠٢٠) بەناونیشانی:**

واتای ژیان و پەیوەندی خەمۆکی دەروونی لای خوێندکارانی زانکۆ.

ئەم توێژینەوەیە ئامانجی زانینی پەیوەندی نێوان واتای ژیان و خەمۆکی دەروونی لای خوێندکارانی زانکۆی دیمەشق، توێژینەوەکە لەسەر نمونەیەکی هەڕەمەکی (٣٢١) خوێندکاری نێر (١٣١) و مێ(١٩٠) جێبەجێ کراوە، ڕێبازی وەسفی بەکارهێنراوە لەسەر نموونەی توێژینەوەکە، وە زانینی جیاوازی وەڵامەکانی ئەندامانی نموونەی توێژینەوەکە، بەپێی گۆڕاوە دیمۆگرافییەکانی: (ڕەگەز، شوێنی نیشتەجێبوون)، ئەنجامەکانی توێژینەوەکە بریتی بووە لە:

- پەیوەندییەکی بەهێزی ئاماری نەرێنی هەیە، لەنێوان واتای ژیان و خەمۆکی دەروونی لای خوێندکارانی زانکۆی دیمەشق.
- بوونی جیاوازی ئاماری بۆ نمرەی نموونەی پێوەری واتای ژیان لەلای خوێندکارانی زانکۆی دیمەشق بەگوێرەی گۆڕاوە دیمۆگرافییەکانی ڕەگەز، لەبەرژەوەندی ڕەگەزی مێ.
- نەبوونی جیاوازی ئاماری بۆ نمرەی نموونەی پێوەری خەمۆکی لەلای خوێندکارانی زانکۆی دیمەشق بەگوێرەی گۆڕاوە دیمۆگرافییەکانی ڕەگەز.
- بوونی جیاوازی ئاماری بۆ نمرەی نموونەی پێوەری واتای ژیان لەلای خوێندکارانی زانکۆی دیمەشق بەگوێرەی گۆڕاوە دیمۆگرافییەکانی شوێنی نیشتەجێبوون، لەبەرژەوەندی ئەوانەی دانیشتووی ناوشارن.

**سێیەم:هەنگاوەکانی توێژینەوە**

**هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی توێژینەوەکە:**

**٣-١ میتۆدی توێژینەوەکە:**

توێژەر بۆ هێنانەدی ئامانجەکانی لەجێبەجێکردنی هەنگاوە زانستیەکانیدا، میتۆدی (وەسفی پەیوەندارییە– الوصفي الارتباطي) بەکارهێناوە. ئاشکرایە کە میتۆدی وەسفی ئەو دیاردەیە دەخوێنێتەوە کە لەواقیعدا هەیە، بە وەسفکردنێکی ورد وناساندنی چۆنییەتی دیاردەکە و ڕوونکردنەوەی تایبەتمەندییەکانی، هەروەها چەندێتی لەمیانەی وەسفی ژمارەیی، کە بڕی دیاردەکە و قەبارەکەی پیشاندەدات، لەگەڵ ئاستی پەیوەستبوونی بە دیاردەکانی ترەوە.

**٣-٢ کۆمەڵگەی توێژینەوەکە:**

کۆمەڵگەی توێژینەوە بەوە پێناسەدەکرێت، بریتیە لە تێکڕای ئەو تاکانەی داتای دیاردەی تاکەکان لەخۆدەگرن، کە لەناو لێکۆڵینەوەکەدان، یان مەبەست لێی تێکڕای ئەو زاراوە، یان یەکە دیاردانەیە کە لەناو ئەم توێژینەوەیەدان. کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیەش لە مامۆستایانی کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی زانکۆی سلێمانی پێکدێت، کە ژمارەیان بریتیە لە (144)مامۆستا لە هەردوو ڕەگەزی (نێر و مێ)، لەسەرجەم بەشەکانی کۆلێجی ناوبراو بۆ ساڵی خوێندنی (2024-2025).

**٣-٣ نموونەی توێژینەوەکە:**

بریتیە لە بەشێک لەو کۆمەڵگەیەی کە خەسڵەتێکی هاوبەشی تێدایە و نوێنەرایەتی کۆمەڵگەکەی دەکات (بۆکانی، ٢٠١٦: ١٢٦). نموونەی ئەم توێژینەوەیەش کەبەشێوەیەکی مەبەستدار هەڵبژێردراوە، پێکدێت لە مامۆستایانی بەشەکانی (زمانی ئینگلیزی، زمانی کوردی، زانستە کۆمەڵایەتیەکان، زانستە بیرکارییەکان، زانستی کۆمپیوتەر، پەروەردەی تایبەت، پەروەردەی هونەر، باخچەی منداڵان)، لە کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی زانکۆی سلێمانی، ئەمەش لەبەرئەوەی کە توێژەران مەبەستیان بووە، کە جیاوازی بدۆزنەوە بە گوێرەی ڕەگەز و تەمەن و ساڵانی خزمەت و بەشی زانستی، بۆیە ژمارەی نموونەی توێژینەوەکە بریتیە لە (٥٦) مامۆستا، وەکو لە خشتەی ژمارە (١) خراوەتەڕوو.

خشتەی ژمارە (١)

دابەشبوونی نموونەی توێژینەوەکە بەپێی بەشە زانستیەکان لەکۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی زانکۆی سلێمانی.

| زانکۆ | بەش | ژمارەی مامۆستا | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|
| سلێمانی | زمانی ئینگلیزی | ٧ | %١٢.٥ |
| | زمانی کوردی | ٧ | %١٢.٥ |
| | زانستە کۆمەڵایەتیەکان | ٧ | %١٢.٥ |
| | زانستە بیرکارییەکان | ٧ | %١٢.٥ |
| | زانستی کۆمپیوتەر | ٧ | %١٢.٥ |
| | پەروەردەی تایبەت | ٧ | %١٢.٥ |
| | پەروەردەی هونەر | ٧ | %١٢.٥ |
| | باخچەی منداڵان | ٧ | %١٢.٥ |
| | کۆی گشتی | ٥٦ | %١٠٠ |

**٤-٣ ئامرازەکانی توێژینەوەکە:**

بۆکۆکردنەوەی زانیاریی و بەدیهێنانی ئامانجەکانی توێژینەوە، (پێوەری دەروونی) بەکارهاتووە، بۆ ئامادەکردنی ئامرازی توێژینەوەکە، سوود لە خوێندنەوەی چەند سەرچاوەیەکی زانستیی، دەربارەی گۆڕاوەکان و توێژینەوەکانی پێشوو وەرگیراوە. توێژەران بە سوودوەرگرتن لە توێژینەوەکانی پێشوو و سەرچاوە زانستییەکان پێوەری ئاسایشی دەروونیان وەرگرتووە لە توێژینەوەی (عقل، ٢٠٠٩)، وە پێوەری واتای ژیانیان وەرگرتووە لە توێژینەوەی (عائشـــی، ٢٠١٧)، پاشان توێژەران ڕێککارەکانی ئامادەکردنی پێوەرەکەیان بەئەنجام گەیاند، وەکو ڕاستگۆیی و جێگیریی، بەم شێوەیەی خوارەوە :

**١-٤-٣ پێوەری ئاسایشی دەروونی:**

توێژەران پێوەری ئاسایشی دەروونیان وەرگرتووە لە توێژینەوەی (عقل، ٢٠٠٩)، کە پێکهاتبوو لە (٢٦) برگە، پاشان توێژەران ڕێککارەکانی ئامادەکردنی پێوەرەکەیان بەئەنجامگەیاند، وەکو ڕاستگۆیی و جێگیریی بەم شێوەیەی خوارەوە:

**١-١-٤-٣ ڕاستگۆیی ڕواڵەتی :(Face Validity)**

ڕاستگۆیی یەکێکە لە تایبەتمەندیيە زانستییەکانی هەر پێوەرێک لە بواری توێژینەوەی زانستییدا، بۆ ئەوەی ئامرازی توێژینەوەکە بە ئامرازێکی دروست دابنرێت، کە توانای پێوانەکردنی دیاردەی باسلێکراوی هەبێت (إبراهیم، ٢٠٠٠: ٤٣). توێژەران بۆ پێوەری ئاسایشی دەروونی (ڕاستگۆیی ڕواڵەتیان)ی دەرهێناوە، کە بریتییە لە ڕادەی دەستنیشانکردنی دڵنیایی لە لایەن بسپۆڕانەوە بۆ برگەکان، کە ئایا ئەو برگانە هەمان چەمکی باسلێکراو دەپێوێت، یان نا؟ ئەم جۆرەش لە ڕاستگۆیی پشت بە هەڵسەنگاندنی شارەزایان و بسپۆڕانی بواری پەروەردەیی و دەروونیی و کۆمەڵایەتیی دەبەستێت. توێژەران دوای ئەوەی بە شێوەیەکی سەرەتایی، بەو شێوەیەی کە لە سەرەوەدا ئاماژەپێکراوە، فۆرمێکی

پێوەری دەروونیان وەرگرت لە (عقل، ٢٠٠٩)، پاشان بە مەبەستی هەڵسەنگاندن و گونجان و نەگونجانی بڕگەکان و هەر تێبینی و سەرنجێک کە هەبێت، بۆ ئەم مەبەستە فۆرمی پێوەرەکەیان خستە بەردەستی (٥) بسپۆڕ و شارەزا لە بواری دەروونزانی و پەروەردەیی و دروستیی دەروونی و کەسایەتی، هەروەک لە پاشکۆی ژمارە (١) ڕوونکراوەتەوە، بۆیە باشترین ڕێگە بۆ دڵنیابوون لە دروستیی ڕواڵەتی پێوەر، پیشاندانی بڕگەکانە بە کۆمەڵێک شارەزا بۆ بڕیاردان لەسەر دروستیی بڕگەکان، کە ئایا هەمان بابەتی باسلێکراو دەپێوێت؟ دوای کۆکردنەوەی فۆڕمەکان، بەپێی بۆچوونی شارەزایان ئەو بڕگانە مانەوە، کەڕێژەی ڕێککەوتن لەسەر مانەوەیان (٨٦%) بوو، بەم شێوەیە سەرجەم بڕگەکانی پێوەرەکە مانەوە.

**٣-٤-١-٢ جێگیریی: (Reliability)**

چەمکی جێگیریی بە واتای ئەوە دێت، کە پێوەرەکە هەمیشە بتوانێت هەمان ئەنجام بەدیبهێنێتەوە، ئەگەر دوو جار بەسەر هەمان گرووپدا جێبەجێکرا (بۆکانی، ٢٠١٦: ١٧٧). باوترین ڕێگەی دەرهێنانی جێگیریی ئامراز، ڕێگەی دووبارەتاقیکردنەوەی پێوەرە بەسەر نموونەیەکی بچووکی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە، بە مەبەستی بەدەستهێنانی دوو ئەنجام، دواتر دۆزینەوەی پەیوەندیی لە نێوانیاندا، پێوەری گونجاویش ئەو پێوەرەیە کە لە ماوەی نێوان دوو هەتا سێ هەفتەدا، لەنێوان دوو ئەنجامی پراکتیزەدا هاوکێشەیەکی پەیوەستی بەهێزی هەبێت، ئەمەیش واتای ئەوە دەگەیەنێت کە چەند جار ئەو تێستە دووبارە و پراکتیزەبکەینەوە لەسەر هەمان نموونە، ئەوا دەبینین هەمان دەرئەنجام، یان نزیک لەومان پێدەدات (قەرەچەتانی، ٢٠١٨: ١٣٠).

توێژەران بۆ دەرهێنانی جێگیریی پێوەری سووتانی دەروونی، پشتی بەم ڕێگایانە بەستووە:

**٣-٤-١- ٣ ڕێگەی دووبارەتاقیکردنەوە):Test_ Retest method**

بۆ دەرهێنانی جێگیریی پێوەرەکە، بۆ پێوەری (ئاسایشی دەروونی)، توێژەران ڕێگەی دووبارەتاقیکردنەوەیان بەکارهێنا، کە بریتیبوو لە (٣٠) مامۆستا لە کۆمەڵگەی توێژینەوەکە، لەماوەی نێوان (٢١) ڕۆژدا دوو جار وەڵامی پرسیارەکانی پێوەرەکەیان دایەوە، لە ڕێککەوتی (١/ ١٢/ ٢٠٢٤) بۆ ڕێککەوتی (٢٢/ ١٢/ ٢٠٢٤). لە ڕێگەی بەکارهێنانی (پێرسۆن) ڕادەی پەیوەستبوونی هەردوو تاقیکردنەوەکە دەرکەوت بەهای جێگیریی پێوەرەکە بریتییە لە (٠.٨٨٣)، ئەمەیش واتای وایە جێگیریی لە ئاستێکی شیاودایە و گونجاوە بۆ جێبەجێکردن، بۆیە ئامرازەکە بە زانستیی دادەنرێت و دەتوانرێت بەکاربهێنرێت بۆ کۆکردنەوەی داتا و زانیارییەکانی توێژینەوەکە، وەکو لە خشتەی ژمارە (٢) خراوەتەڕوو.

خشتەی ژمارە (٢)

هاوکۆلکەی جێگیریی بۆ پێوەری ئاسایشی دەروونی لە نێوان جێبەجێکردنی تاقیکردنەوەی یەکەم و دووەم

| جێگیری ئامرازەکە بەپێی هاوکۆلکەی پێرسۆن | | | | |
|---|---|---|---|---|
| پێوەری ئاسایشی دەروونی | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | هاوکۆلکەی پێرسۆن | بەهای بەڵگەداری |
| تاقیکردنەوەی جاری یەکەم | ٩٤:٥٥٠٠ | ١٠.٤٧٣٢٩ | 0.883 | ٠.٠٠١ |
| تاقیکردنەوەی جاری دووەم | ٩١.٠٥٠٠ | ١٠.٩٢٦٢١ | | |

**٣-٤-١-٤ ڕێگەی ئەلفاکرۆنباخ: (Alpha Cronbach's)**

توێژەر بۆ پێوانەی جێگیریی بڕگەکان پشتی بە ڕێگەی ئەلفاکرۆنباخ بەستووە، کە یەکێکە لە ڕێگەکانی دۆزینەوە و دەستنیشانکردنی گونجاندنی ناوەکیی، بە جۆرێک ڕێژەی جێگیریی پێوانەکە بۆ پێوەری سووتانی دەروونی بریتیبوو لە (٠.٨٩٠)، کە ئەمەیش جێگیرییەکی پەسەندە، بەمەیش دەردەکەوێت کە هاوکۆلکەکە (جێگیریی زۆرباش)ە، واتە بەشێوەیەکی گشتیی فۆرمی ڕاپرسییەکە بە دروستیی وەڵامدراوەتەوە.

**٣-٤-١-٥ نمرەدانان بۆ پێوەری (ئاسایشی دەروونی):**

دوای دڵنیابوون لە ڕاستیی و دروستیی پێوەری توێژینەوەکە، توێژەران پێوەرەکەیان بەسەر نموونەی توێژینەوەکەدا

جێبەجێکرد و شـــێوازی (لیکیرت)ی بەکـارهێنـا، کە بریتییە لە بوونی پێنج جێگرەوە بۆ هەر برگەیەکی پێوەرەکە، جێگرەوەکانیش بریتیبوون لە (زۆر ڕازیم، ڕازیم، تا ڕادەیەک، ناڕازیم، زۆر ناڕازیم)، نمرەی هەر جێگرەوەیەک بەم شـێوەیە بوو: برگە ئەرێنییەکان: (٥، ٤، ٣، ٢، ١). برگە نەرێنییەکان: (١، ٢، ٣، ٤، ٥). هەروەها توێژەران برگە ئەرێنیی و نەرێنییەکانی پێوەری ئاسایشی دەروونیان دیاریکرد، بە جۆرێک برگە ئەرێنییەکان ژمارەیان بریتییە لە(١٨) برگە، برگە نەرێنییەکانیش ژمارەیان بریتییە لە (٨)، وەکو لەخشتەی ژمارە (٣) خراوەتەڕوو .

خشتەی ژمارە (٣)

خستنەڕووی برگە ئەرێنیی و نەرێنییەکانی پێوەری ئاسایشی دەروونی

| ژمارە | پێوەر | برگەی ئەرێنی | برگەی نەرێنی | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | ئاسایشی دەروونی | ١، ٢، ٣، ٤، ٥، ٦، ٧، ٩، ١١، ١٤، ١٩، ٢٠، ٢١، ٢٢، ٢٣، ٢٤، ٢٥، ٢٦ | ٨، ١٠، ١٢، ١٣، ١٥، ١٦، ١٧، ١٨ | ٢٦ |
| کۆی گشتی | | ١٨ | ٨ | ٢٦ |

**٢-٣-٤- پێوەری واتای ژیان:**

**٣-٤-٢-١ ڕاستگۆیی ڕواڵەتی: (Face Validity)**

توێژەران فۆرمێکی پێوەری دەروونیان وەرگرت لە (عائیشـی، ٢٠١٧)، پاشـان بە مەبەسـتی هەڵسـەنگاندن و گونجان و نەگونجانی برگەکان و هەر تێبینیی و سەرنجێک کە هەبێت، بۆ ئەم مەبەستە فۆرمی پێوەرەکەیان خستە بەردەستی (٥) بسپۆڕ و شارەزا لە بواری دەرونزانی و پەروەردەیی و دروستیی دەروونی و کەسایەتی، هەروەک لە پاشکۆی ژمارە (١) ڕوونکراوەتەوە، بۆیە باشـترین ڕێگە بۆ دڵنیابوون لە دروسـتیی ڕواڵەتی پێوەر، پیشـاندانی برگەکانە بە کۆمەڵێک شـــارەزا بۆ بڕیاردان لەســـەر دروســـتیی برگەکان، کە ئایا هەمان بابەتی باســـلێکراو دەپێوێت؟ دوای کۆکردنەوەی فۆرمەکان، بەپێی بۆچوونی شـــارەزایان ئەو برگانە مانەوە، کەڕێژەی ڕێککەوتن لەســـەر مانەوەیان (٨٨%) بوو، بەم شێوەیە سەرجەم برگەکانی پێوەرەکە مانەوە.

**٣-٤-٢-٢ جێگیریی : (Reliability)**

توێژەران بۆ دەرهێنانی جێگیریی پێوەری واتای ژیان، پشتی بەم ڕێگایانە بەستووە:

**٣-٤-٢-٣ ڕێگەی دووبارەتاقیکردنەوە):Test_ Retest method**

بۆ دەرهێنـانی جێگیریی پێوەرەکە، بۆ پێوەری (واتـای ژیـان)، توێژەر ڕێگەی دووبـارەتـاقیکردنەوەی بەکـارهێنـا، کە بریتیبوو لە (٤٠) مامۆســـتا لە کۆمەڵگەی توێژینەوەکە، لەماوەی نێوان (٢١) ڕۆژدا دوو جار وەڵامی پرســـیارەکانی پێوەرەکەیان دایەوە لە ڕێککەوتی (١/ ١٢/ ٢٠٢٤) بۆ ڕێککەوتی (٢٢/ ١٢/ ٢٠٢٤). لە ڕێگەی بەکارهێنانی (پێرســـۆن) ڕادەی پەیوەســـتبوونی هەردوو تاقیکردنەوەکە دەرکەوت بەهای جێگیریی پێوەرەکە بریتییە لە (٠.٨٥٤)، ئەمەیش واتای وایە جێگیریی لە ئاســـتێکی بەرزدایە و گونجاوە بۆ جێبەجێکردن، بۆیە ئامڕازەکە بە زانســـتیی دادەنرێت و دەتوانرێت بەکاربهێنرێت بۆ کۆکردنەوەی داتا و زانیارییەکانی توێژینەوەکە، وەکو لە خشتەی ژمارە (٤) خراوەتەڕوو.

خشتەی ژمارە (٤)

هاوکۆلکەی جێگیریی بۆ پێوەری واتای ژیان لە نێوان جێبەجێکردنی تاقیکردنەوەی یەکەم و دووەم

| جێگیری ئامڕازەکە بەپێی هاوکۆلکەی پێرسۆن | | | | |
|---|---|---|---|---|
| پێوەری واتای ژیان | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | هاوکۆلکەی پێرسۆن | بەهای بەڵگەداری |
| تاقیکردنەوەی جاری یەکەم | ٩٤:٤٥٠٠ | ١٠.٣٠٣٢٩ | | |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| تاقیکردنەوەی جاری دووەم | ٩١.٠٥٠٠ | ١٠.٩٢٦٢١ | 0.854 | ٠.٠٠١ |

**٣-٤-٢-٤ ڕێگەی ئەلفاکرۆنباخ: (Alpha Cronbach's)**

توێژەر بۆ پێوانەی جێگیریی بڕگەکان پشـــتی بە ڕێگەی ئەلفاکرۆنباخ بەســـتووە، کە یەکێکە لە ڕێگەکانی دۆزینەوە و دەســـتنیشـــانکردنی گونجاندنی ناوەکیی، بە جۆرێک ڕێژەی جێگیریی پێوانەکە بۆ پێوەری واتای ژیان بریتییبوو لە (٠.٨٨١)، کە ئەمەیش جێگیرییەکی پەســـەنـدە، بەمەیش دەردەکەوێـت کە هـاوکۆلکەکە (جێگیریی زۆربـاش)ە، واتە بەشێوەیەکی گشتیی فۆڕمی ڕاپرسییەکە بە دروستیی وەڵامدراوەتەوە.

**٣-٤-٢-٥ نمرەدانان و ڕاستکردنەوەی پێوەری (واتای ژیان):**

دوای دڵنیابوون لە ڕاستیی و دروستیی پێوەری توێژینەوەکە، توێژەران پێوەرەکەیان بەسەر نموونەی توێژینەوەکەدا جێبەجێکرد و شـــێوازی (لیکیرت)ی بەکـارهێنـا، کە بریتییە لە بوونی پێنج جێگرەوە، بۆ هەر بڕگەیەکی پێوەرەکە، جێگرەوەکانیش بریتییبوون لە (زۆر ڕازیم، ڕازیم، تا ڕادەیەک، ناڕازیم، زۆر ناڕازیم)، نمرەی هەر جێگرەوەیەک، بەم شـێوەیە بوو: بڕگە ئەرێنییەکان: (٥، ٤، ٣، ٢، ١). بڕگە نەرێنییەکان: (١، ٢، ٣، ٤، ٥). هەروەها توێژەران بڕگە ئەرێنیی و نەرێنییەکـانی پێوەری واتـای ژیـانیـان دیـاریکرد، بە جۆرێک بڕگە ئەرێنییەکـان ژمـارەیـان بریتییە لە(٢٢) بڕگە، بڕگە نەرێنییەکانیش ژمارەیان بریتییە لە (٦)، وەکو لەخشتەی ژمارە (٥) خراوەتەڕوو .

خشتەی ژمارە (٥)

خستنەڕووی بڕگە ئەرێنیی و نەرێنییەکانی پێوەری واتای ژیان

| ژمارە | پێوەر | بڕگەی ئەرێنی | بڕگەی نەرێنی | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | واتای ژیان | ١، ٢، ٣، ٤، ٥، ٦، ٧، ٨، ٩، ١٠، ١١، ١٤، ١٩، ٢٠، ٢١، ٢٢، ٢٣، ٢٤، ٢٥، ٢٦، ٢٧، ٢٨ | ١٢، ١٣، ١٥، ١٦، ١٧، ١٨ | ٢٨ |
| کۆی گشتی | | ٢٢ | ٦ | ٢٨ |

**٣-٥ ئامرازە ئامارییەکان**

– تی تێسـتی یەک سـامپل بۆ پێوانی ئاسـتی هەردوو گۆڕاوی ئاسـایشـی دەروونی و واتای ژیان لای مامۆسـتایانی زانکۆی سلێمانی.

– تی تێستی دوو سامپلی سەربەخۆ، بۆ زانینی جیاوازی ئاستی ئاسایشی دەروونی و واتای ژیان لای مامۆستایانی کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی زانکۆی سلێمانی، بەگوێرەی ڕەگەز (نێر و مێ) و بسپۆڕی زانستی.

–بەکارهێنانی هاوکێشەی هاوپەیوەندی پێرسۆن بۆ دەرهێنانی جێگیری.

–بەکارهێنانی هاوکێشەی ئەلفا کرۆنباخ بۆ دەرهێنانی جێگیری ناوەڕۆک بەپێی بڕگەکان.

– بەکارهێنانی هاوکێشـــەی ئەنۆڤا (ANOVA) بۆ دۆزینەوەی جیاوازی نێوان مامۆســـتایانی بەشـــە زانســـتییەکان بەگوێرەی تەمەن و ساڵانی خزمەت.

**٤-١ بەشی چوارەم:**

**ئامانجی یەکەم: زانینی ئاستی ئاسایشی دەروونی لەلای مامۆستایانی زانکۆی سلێمانی.**

دوای کۆکردنەوەی داتاکان و بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی تائیی (t_test) بۆ یەک نموونە بە بەکارهێنانی بەرنامەی ئاماری (SPSS)، لە ئەنجامدا دەرکەوت کە نرخی (t) هەژمارکراو (٢٠.٢٦) گەورەترە لە نرخی (t) خشـتەیی کە (٢.٠٠) بوو، بە نمرەی ئازادی (٥٥) لە ئاستی بەڵگەداری (٠.٠٥)، واتە جیاوازیی بەڵگەداری ئاماریی بەدیدەکرێت، ئەمەیش ئەوە دەردەخات، کە ئاسایشی دەروونی لە ئاستێکی بەرزدایە، وەکو لە خشتەی (٦) ڕوونکراوەتەوە .

(٦) خشتەی ژمارە

ئەنجامەکانی تاقیکردنەوەی تائیی (یەک نموونە) بۆ پێوەری ئاسایشی دەروونی لەلای مامۆستایانی زانکۆی سلێمانی

| نموونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەریی | ناوەندی گریمانەیی | نمرەی ئازاد | بەهای تائیی | | ئاستی بەڵگەداری ئاماریی (٠.٠٥) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | |
| ٥٦ | ٩٦.٤٨ | ٦.٨٢ | ٧٨ | ٥٥ | ٢٠.٢٦ | 1.96 | بەڵگەدارە |

وەکو لە خشتەی ژمارە (٦)دا دەردەکەوێت، بەهای (t) هەژمارکراو یەکسانە بە (٢٠.٢٦)، بەهای (t) خشتەیی یەکسانە (٢.٠٠) و نمرەی ئازاد یەکسانە (٥٥) لە ئاستی بەڵگەداری (٠.٠٥) دایە. لەبەرئەوەی کە بەهای (t) هەژمارکراوو (٢٠.٢٦) گەورەترە لە بەهای (٢.٠٠) خشتەیی، هەروەها ناوەندی ژمێرەیی (٩٦.٤٨) گەورەترە لە ناوەندی گریمانەیی(٧٨)، بەم جۆرە دەردەکەوێت، کە ئاستی ئاسایشی دەروونی لەلای مامۆستایانی زانکۆ (نموونەی توێژینەوەکە) بە شێوەیەکی گشتیی بوونی هەیە.

توێژەران هۆکاری ئەم ئەنجامە بۆ ئەوە دەگەڕێننەوە، کە نموونەی هەڵبژێردراو کە مامۆستای زانکۆن، توێژێکی خوێندەوار و هۆشیارن و ئەمەیش بابەتێکی سروشتییە، بەو پێیەی باش خۆیان دەناسن و گرنگی بەئاسایشی دەروونیی خۆیان دەدەن، کارکردن لەناو زانکۆ وەکو مامۆستای زانکۆ، واتە ئامانجەکانی لە ژیاندا بەدیهێناوە و ئەمەیش وادەکات، هەست بە خۆی و کەسایەتیی خۆی بکات، جگە لەمەیش زانکۆ دەرفەت بۆ مامۆستایان دەڕەخسێنێت، بۆ ئەوەی خۆیان بسەلمێنن لەڕووی زانستی و ئەکادیمییەوە، ئەمەیش لە ڕێگەی داهێنان و کاری تاکەکەسیی لە کاتی خزمەتی زانکۆیی وە پشتبەستن بە خۆیان لەمیانەی ئەنجامدانی چالاکیی و توێژینەوە و داهێنانی زانستی و پڕۆژەی تاکەکەسیی تر. ئەم ئەنجامەش لەگەڵ ئەنجامی توێژینەوەکانی (أبریعم، ٢٠١١) و (خطاب، 2017) و (السماک، ٢٠٢١) یەکدەگرێتەوە، کە ئاماژەیان بە ئاستی ئاسایشی دەروونی بەرز کردووە لەلای نموونەی توێژینەوەکانیان.

**ئامانجی دووەم: زانینی ئاستی واتای ژیان لەلای مامۆستایانی زانکۆی سلێمانی.**

دوای کۆکردنەوەی داتاکان و بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی تائیی (t_test) بۆ یەک نموونە بە بەکارهێنانی بەرنامەی ئاماریی (SPSS)، لە ئەنجامدا دەرکەوت کە نرخی (t) هەژمارکراو (٢١.٩٧) گەورەترە لە نرخی (t) خشتەیی کە (٢.٠٠) بوو، بە نمرەی ئازادی (٥٥) لە ئاستی بەڵگەداری (٠.٠٥)، واتە جیاوازیی بەڵگەداری ئاماریی بەدیدەکرێت، ئەمەیش ئەوە دەردەخات، کە واتای ژیان لە ئاستێکی بەرزدایە، وەکو لە خشتەی (٧) ڕوونکراوەتەوە.

(٧) خشتەی ژمارە

ئەنجامەکانی تاقیکردنەوەی تائیی (یەک نموونە) بۆ پێوەری واتای ژیان لەلای مامۆستایانی زانکۆی سلێمانی

| نموونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەریی | ناوەندی گریمانەیی | نمرەی ئازاد | بەهای تائیی | | ئاستی بەڵگەداری ئاماریی (٠.٠٥) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | |
| ٥٦ | ١٠٣.٣٢ | ٦.٥٨١ | ٨٤ | ٥٥ | ٢١.٩٧ | 1.96 | بەڵگەدارە |

وەکو لە خشتەی ژمارە (٧)دا دەردەکەوێت، بەهای (t) هەژمارکراو یەکسانە بە (٢١.٩٧)، بەهای (t) خشتەیی یەکسانە (٢.٠٠) و نمرەی ئازاد یەکسانە (٥٥) لە ئاستی بەڵگەداری (٠.٠٥) دایە. لەبەرئەوەی کە بەهای (t) هەژمارکراو (٢١.٩٧) گەورەترە لە بەهای (٢.٠٠) خشتەیی، هەروەها ناوەندی ژمێرەیی (١٠٣.٣٢) گەورەترە لە ناوەندی گریمانەیی(٨٤)، بەم جۆرە دەردەکەوێت، کە ئاستی واتای ژیان لەلای مامۆستایانی زانکۆ (نموونەی توێژینەوەکە) بەشێوەیەکی گشتیی بوونی هەیە.

توێژەران هۆکاری ئەم ئەنجامە بۆ ئەوە دەگەڕێننەوە، کە نموونەی هەڵبژێردراو کە مامۆستای زانکۆن، واتایەکی ئەرێنییان بۆ ژیانیان هەیە، وە خودی خۆیان بەدی هێناوە و توانیویانە ئامانجە ئەکادیمییەکانیان بەدیبهێنن، وە بەو پێیەی کە مامۆستایانی زانکۆ هۆشیارن و درک بە ئامانجەکانی خۆیان دەکەن لە ژیانیاندا و هەوڵ و قوربانی دەدەن، بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجانە، لەلایەکی دیکەشەوە پاڵنەری مامۆستایان بۆ ژیان وادەکات، کە بەشێوەیەکی ئەرێنی تێبکۆشن بۆ ژیانی خۆیان و گەیشتن بە ئامانجەکانیان، ئەمە سەرەڕای هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی بەرامبەر بە خۆیان و پیشەکەیان، وە ڕۆڵی کۆمەڵایەتی مامۆستایانی زانکۆ لەناو کۆمەڵگە و ڕازیبوون لە ژیان و قبوڵکردنی خۆیان و ئەوانی تر دەکرێت هۆکارێکی تر بێت بۆ بوونی واتا، بەپێیەی مامۆستایان لەناو زانکۆ هەست بە ئارامی و دڵنیایی دەکەن و ژینگەی زانکۆ هاوکارە بۆئەوەی واتایەکی تایبەتیان بۆ ژیانیان هەبێت. ئەم ئەنجامەش لەگەڵ توێژینەوەکانی (خوج، 2011) و (فطوح، 2022) یەکدەگرێتەوە، کە ئاماژەیان بە بوونی واتای ژیان کردووە لەلای نموونەی توێژینەوەکانیان.

**ئامانجی سێیەم: زانینی ئاستی ئاسایشی دەروونی و پەیوەندیی بە واتای ژیان لەلای مامۆستایانی زانکۆی سلێمانی.**

بە مەبەستی زانینی سروشتی پەیوەندیی لە نیوان ئاسایشی دەروونی و واتای ژیان لەلای مامۆستایانی زانکۆی سلێمانی، توێژەران هاوکۆلکەی پەیوەندیی پێرسۆنی (معامل ارتباط بيرسون)، یان بەکارهێنا، بە پشتبەستن بە بەرنامەی ئاماریی (SPSS)، بەپێی ئاستی بەڵگەداری (0.05) وەکو لە خشتەی (٨) ڕوونکراوەتەوە.

خشتەی(٨)

ئەنجامی هاوکۆلکەی پێرسۆن بۆ دۆزینەوەی ئاستی بەڵگەداری لە نرخی هاوکۆلکەی پەیوەندیی لەنێوان ئاسایشی دەروونی و واتای ژیان.

| گۆڕاوەکان | ژمارەی نموونە | بەهای هاوکۆلکەی پەیوەندیی | بەهای تائیی | | ئاستی بەڵگەداری 0.05 |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | هەژمارکراو | خشتەیی | |
| ئاسایشی دەروونی / واتای ژیان | ٥٦ | ٠.٦١٠ | ٣.٣٤٣ | 1.96 | بەڵگەدارە |

لەم خشتەی (٨)دا دەردەکەوێت، کە پەیوەندیی لە نێوان ئاسایشی دەروونی و واتای ژیان لەلای مامۆستایانی زانکۆی سلێمانی، بەپێی هاوکۆلکەی پێرسۆن (٠.٦١٠)ە، کەواتە پەیوەندییەکی ڕاستەوانە لە نێوانیان هەیە، ئەمەیش بەو واتایە دێت، کە هەتا ئاسایشی دەروونی لەلای مامۆستایانی زانکۆی سلێمانی بەرزبێت، ئەوا واتای ژیان زیاددەبێت، بە پێچەوانەیشەوە ڕاستە.

ئەم ئەنجامە ئەو ڕاستییەمان بۆ دەخاتەڕوو، ئەو مامۆستایانەی کە خاوەنی ئاسایشی دەروونین، گونجاون لە ڕووی دەروونیی و کۆمەڵایەتییەوە، بەو پێیەی ئاسایشی دەروونی فاکتەرێکی گرنگە بۆ بونیاتنانی تەندروستی دەروونی، هەر ئەمەیشە وا لە تاک دەکات هەوڵی تەواو بدات، بۆ بەدیهێنانی خودی خۆی. گومانی تێدا نییە ئەو تاکەی ئاسایشی دەروونی خۆی دەپارێزێت و گرنگی بە تەندروستی دەروونی خۆی دەدات، مانایەکی گونجاو بۆ ژیانی دادەنێت، بە جۆرێک (ماسلۆ) ئاماژەی بەوەکردووە کە ئاسایشی دەروونی بە یەکێک لە پێداویستییە سەرەتاییەکانی مرۆڤ دادەنرێت، کە پێویستی ئاسایش بریتیە لە پێویستی دڵنیاکردنەوە، سەقامگیری، متمانەپێکردن، پاراستن و ئازادبوون لە ترس و دڵەڕاوکێ و نائارامی، کە هەموو ئەمانە وا لەتاک دەکەن، هەست بە ئارامی و سەربەخۆیی و نەبوونی مەترسی و هەڕەشە و دوورکەوتنەوە لە ئازار بکات، بۆیە تاک پێویستی بە پاراستن لە سەختی دارایی و بیمەی بێکاری و کەمئەندامی هەیە، لە بەرامبەر پیری و نەخۆشی ( Maslow, 1970. P.27) .

**ئامانجی چوارەم: دەرخستنی جیاوازیی بۆ پێوەری ئاسایشی دەروونی، بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز (نێر – مێ).**

بۆ زانینی ئەم جیاوازییە، توێژەر ناوەندی ژمێرەیی و لادانی پێوەریی بۆ نمرەکانی **ڕەگەز (نێر – مێ)** لەلای مامۆستایانی زانکۆی سلێمانی–کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی لەسەر پێوەری ئاسایشی دەروونی دەرهێنا، پاشان بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی تائیی (t-test) بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ بە پشتبەستن بەبەرنامەی ئاماریی (SPSS)،

دەرکەوت نرخی بەهای(t)ی ئەژمارکراو (1.٥4٨) بە نمرەی ئازاد (٥٤)، لەسەر ئاستی بەڵگەداری (0.05). وەکو لەخشتەی ژمارە (٩) خراوەتەڕوو.

خشتەی(٩)

ئەنجامی تاقیکردنەوەی تائیی (t-test) (دوو نموونە) بۆ نمرەکانی مامۆستایانی زانکۆی سلێمانی-کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی (نموونەی توێژینەوەکە) لەسەر پێوەری ئاسایشی دەروونی بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز (نێر و مێ).

| ڕەگەز | ژمارە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەریی | نمرەی ئازاد | بەهای تائیی | | ئاستی بەڵگەداری 0.05 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | |
| نێر | ٢٩ | 97.8276 | 7.٦٢٠٧٨ | ٥٤ | 1.٥4٨ | 1.96 | بەڵگەدار نییە |
| مێ | 27 | 96.425 | 5.٦٤٦٥٢ | | | | |

وەکو لەخشتەی ژمارە (٩)دا دەردەکەوێت، بەهای(t) ئەژمارکراو یەکسانە (1.٥4٨) و بەهای خشتەیی یەکسانە (1.96) و نمرەی ئازاد یەکسانە بە (٥٤) و لە ئاستی بەڵگەداری (0.05) دایە، لەبەرئەوەی بەهای (t) ئەژمارکراو بچووکترە لە بەهای خشتەیی، بەم جۆرەیش دەردەکەوێت، کە جیاوازیی بەڵگەداری ئاماریی نییە لە نێوان ناوەندی ژمێرەیی نمرەکانی ڕەگەز (نێر و مێ) لای مامۆستایانی زانکۆی سلێمانی بۆ پێوەری ئاسایشی دەروونی، بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز، ئەمەیش واتە ڕەگەز هیچ کاریگەرییەکی نییە لەسەر وەڵامی مامۆستایان بۆ ئاسایشی دەروونی، هۆکاری ئەمەیش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە مامۆستایانی زانکۆ تێڕوانینیان بۆ خودی خۆیان ئەرێنییە و بە شێوەیەکی واقیعیی لە خودی خۆیان دەڕوانن و ئاسایشی دەروونیان سەلامەتە، هەروەها مامۆستایانی کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت بە هەردوو ڕەگەزی (نێر و مێ) بەو پێیەی کە سەرجەم مامۆستایانی بەشە زانستیەکان بابەتە پەروەردەیی و دەروونییەکانیان لە قۆناغەکانی خوێندنی زانکۆییدا خوێندووە ئەوا شارەزاییان لەسەر دروستی دەروونی هەیە و تا ئاستێکی باش خۆگونجاندنیان کردووە لەنێوان خودی خۆیان و ژینگەکەیان، هەر ئەمەش بۆ خۆی هۆکارێکی ترە بۆ بەدەستهێنانی ئاسایشی دەروونی، ئەمە سەرەڕای ڕۆڵی فاکتەری خەسڵەت و تایبەتمەندیی خێزان و ڕۆڵی کۆمەڵایەتیی، کە کاریگەری لەسەر زامنکردنی ئاسایشی دەروونی بۆ مامۆستایانی زانکۆ هەیە، ئەم ئەنجامەش هاوتایە لەگەڵ ئەنجامی توێژینەوەی (علی، ٢٠١٤) کە ئاماژەی کردووە بە نەبوونی جیاوازی لە ئاسایشی دەروونی بەگوێرەی ڕەگەز.

**ئامانجی پێنجەم: دەرخستنی جیاوازیی بۆ پێوەری واتای ژیان بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز (نێر - مێ).**

بۆ زانینی ئەم جیاوازییە توێژەر ناوەندی ژمێرەیی و لادانی پێوەریی بۆ نمرەکانی **ڕەگەز (نێر - مێ)** لەلای مامۆستایانی زانکۆی سلێمانی-کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی لەسەر پێوەری **واتای ژیان** دەرهێنا، پاشان بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی تائیی (t-test) بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ بە پشتبەستن بەبەرنامەی ئاماریی (SPSS)، دەرکەوت نرخی بەهای(t)ی ئەژمارکراو (2.9٥٨) بە نمرەی ئازاد (٥٤)، لەسەر ئاستی بەڵگەداری (0.05)، وەکو لەخشتەی ژمارە (١٠) خراوەتەڕوو.

خشتەی(١٠)

ئەنجامی تاقیکردنەوەی تائیی (t-test) (دوو نموونە) بۆ نمرەکانی مامۆستایانی زانکۆی سلێمانی-کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی (نموونەی توێژینەوەکە) لەسەر پێوەری **واتای ژیان** بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز (نێر و مێ).

| ڕەگەز | ژمارە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەریی | نمرەی ئازاد | بەهای تائیی | | ئاستی بەڵگەداری 0.05 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | |
| نێر | ٢٩ | ١٠5.٦8٩7 | ٦,٠١٢51 | ٥٤ | 2.9٥٨ | 1.96 | بەڵگەدارە |
| مێ | 27 | ١٠٠,٧7٧٨ | ٦,٤٦٥٢ | | | | |

وەکو لەخشتەی ژمارە (١٠)دا دەردەکەوێت، بەهای(t) ئەژمارکراو یەکسانە (2.9٥٨) و بەهای خشتەیی یەکسانە (1.96) و نمرەی ئازاد یەکسانە بە(٥٤) و لە ئاستی بەڵگەداری (0.05) دایە، لەبەرئەوەی بەهای (t) ئەژمارکراو گەورەترە لە بەهای (t) خشتەیی، بەم جۆرەیش دەردەکەوێت، کە جیاوازیی بەڵگەداری ئاماریی هەیە لەنێوان ناوەندی ژمێرەیی نمرەکانی ڕەگەز (نێر و مێ) لای مامۆستایانی زانکۆی سلێمانی بۆ پێوەری واتای ژیان بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز لەبەرژەوەندی ڕەگەزی (نێر)، ئەمەیش واتە ڕەگەز کاریگەریی هەیە، لەسەر وەڵامی مامۆستایانی زانکۆی سلێمانی-کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی بۆ واتای ژیان، هۆکاری ئەمەیش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە مامۆستایانی زانکۆی سلێمانی لەڕەگەزی نێر تێڕوانینیان بۆ ژیانی خۆیان جیاوازە و هەریەکەیان بە شێوەیەکی جۆراوجۆر لەژیانی خۆیان دەڕوانن و مانایەکی تایبەتیان هەیە بۆ ژیانیان، کە ئەم تێڕوانینەی ڕەگەزی نێر دەگەڕێتەوە، بۆئەوەی بەرپرسیارێتی خێزان و دابینکردنی لایەنی دارایی، زیاتر لە ئەستۆی ڕەگەزی نێرە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە تایبەتمەندیی خێزان و ڕۆڵی کۆمەڵایەتیی و دۆخی دارایی کاریگەری زیاتری لەسەر ڕەگەزی نێر هەیە، لەسەر دروستکردنی واتای ژیان وەک لە ڕەگەزی مێ، ئەم ئەنجامەش هاوتایە لەگەڵ ئەنجامی توێژینەوەکانی (المعیجل، ٢٠٠٩: ٨٤) و (البیضاوي، 2020) کە ئاماژەیان کردووە بە بوونی جیاوازی لە واتای ژیان بەگوێرەی ڕەگەز.

**ئامانجی شەشەم: دەرخستنی جیاوازیی بۆ پێوەری ئاسایشی دەروونی بەپێی گۆڕاوی بسپۆڕی (زانستی- مرۆڤایەتی).**

بۆ زانینی ئەم جیاوازییە توێژەر ناوەندی ژمێرەیی و لادانی پێوەریی بۆ نمرەکانی **بسپۆڕی (زانستی**–مرۆڤایەتی) لەلای مامۆستایانی زانکۆی سلێمانی–کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی لەسەر پێوەری ئاسایشی دەروونی دەرهێنا، پاشان بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی تائیی (t-test) بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ بە پشتبەستن بەبەرنامەی ئاماریی (SPSS) دەرکەوت، نرخی بەهای (**t**)ی ئەژمارکراو (0,618) بە نمرەی ئازاد (٥٤)، لەسەر ئاستی بەڵگەداری (0.05)، وەکو لەخشتەی ژمارە (١١) خراوەتەڕوو.

خشتەی(١١)

ئەنجامی تاقیکردنەوەی تائیی (t-test) (دوو نموونە) بۆ نمرەکانی مامۆستایانی زانکۆی سلێمانی – کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی (نموونەی توێژینەوەکە) لەسەر پێوەری ئاسایشی دەروونی بەپێی گۆڕاوی بسپۆڕی (زانستی- مرۆڤایەتی).

| بسپۆڕی | ژمارە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەریی | نمرەی ئازاد | بەهای تائیی | | ئاستی بەڵگەداری 0.05 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | |
| زانستی | ١٤ | 96, ٨٠ | ٧,٢٩٥٩٧ | ٥٤ | 0,618 | 1.96 | بەڵگەدارنییە |
| مرۆڤایەتی | ٤٢ | ٩٥, 50 | ٥,٢٨٧٨٧ | | | | |

وەکو لەخشتەی ژمارە (١١)دا دەردەکەوێت، بەهای(t) ئەژمارکراو یەکسانە (0,618) و بەهای خشتەیی یەکسانە (1.96) و نمرەی ئازاد یەکسانە بە (٥٤) و لە ئاستی بەڵگەداری (0.05) دایە، لەبەرئەوەی بەهای (t) ئەژمارکراو بچوکترە لە بەهای (t) خشتەیی، بەم جۆرەیش دەردەکەوێت، کە جیاوازیی بەڵگەداری ئاماریی نییە، لە نێوان ناوەندی ژمێرەیی نمرەکانی بسپۆڕی (زانستی و مرۆڤایەتی) لای مامۆستایانی زانکۆی سلێمانی بۆ پێوەری ئاسایشی دەروونی بەپێی گۆڕاوی بسپۆڕی، ئەمەیش واتە بسپۆڕی هیچ کاریگەرییەکی نییە، لەسەر وەڵامی مامۆستایانی زانکۆی سلێمانی-کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی بۆ ئاسایشی دەروونی، هۆکاری ئەمەیش ڕەنگە بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە مامۆستایانی کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی زانکۆی سلێمانی تێڕوانینیان بۆ ئاسایشی دەروونی ئەرێنی بێت، بەبێ جیاوازیی بسپۆڕییە زانستییەکانیان، چونکە سەرجەم مامۆستایان بەر هەمان ژینگەی زانکۆیی دەکەون و هەمان بارودۆخ کاریگەریی هەیە لەسەریان، لەلایەکی دیکەشەوە دەکرێت پێزانین و ڕێزگرتنی دەستەی کارگێڕی زانکۆ و سەرۆکی بەشەکان بۆ مامۆستایان وا دەکات، کە هەست بە جیاوازی نەکەن بەگوێرەی بسپۆڕییەکانیان، هەر ئەمەش

ڕەنگە هۆکارێک بێت، بۆ هەست کردن بە ئاسایشی دەروونی بەبێ جیاوازی بسپۆڕی زانستی.

**ئامانجی حەوتەم: دەرخستنی جیاوازیی بۆ پێوەری واتای ژیان بەپێی گۆڕاوی بسپۆڕی (زانستی-مرۆڤایەتی).**

بۆ زانینی ئەم جیاوازییە توێژەر ناوەندی ژمێرەیی و لادانی پێوەریی بۆ نمرەکانی بسپۆڕی (زانستی - مرۆڤایەتی) لەلای مامۆستایانی زانکۆی سلێمانی–کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی لەسەر پێوەری واتای ژیان دەرهێنا، پاشان بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی تائیی (t-test) بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ بە پشتبەستن بەبەرنامەی ئاماریی (SPSS)، دەرکەوت نرخی بەهای(t)ی ئەژمارکراو (٠,٥٨٣) بە نمرەی ئازاد (٥٤)، لەسەر ئاستی بەڵگەداری (0.05). وەکو لەخشتەی ژمارە (12) خراوەتەڕوو.

خشتەی(١٢)

ئەنجامی تاقیکردنەوەی تائیی (t-test) (دوو نموونە) بۆ نمرەکانی مامۆستایانی زانکۆی سلێمانی–کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی (نموونەی توێژینەوەکە) لەسەر پێوەری واتای ژیان بەپێی گۆڕاوی بسپۆڕی (زانستی-مرۆڤایەتی).

| بسپۆڕی | ژمارە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەریی | نمرەی ئازاد | بەهای تائیی | | ئاستی بەڵگەداری 0.05 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | |
| زانستی | 14 | ١٠2.٦1 | ٧,١١ | ٥٤ | ٠,٥٨٣ | 1.96 | بەڵگەدارنییە |
| مرۆڤایەتی | 42 | ١02, ٤٢ | ٤,٧٥ | | | | |

وەکو لەخشتەی ژمارە (١٢)دا دەردەکەوێت، بەهای(t) ئەژمارکراو یەکسانە (٠,٥٨٣) و بەهای خشتەیی یەکسانە (1.96) و نمرەی ئازاد یەکسانە بە(٥٤) و لە ئاستی بەڵگەداری (0.05) دایە، لەبەرئەوەی بەهای (t) ئەژمارکراو بچوکترە لە بەهای (t) خشتەیی، بەم جۆرەیش دەردەکەوێت، کە جیاوازیی بەڵگەداری ئاماریی نییە، لە نێوان ناوەندی ژمێرەیی نمرەکانی بسپۆڕی (زانستی و مرۆڤایەتی) لای مامۆستایانی زانکۆی سلێمانی بۆ پێوەری واتای ژیان بەپێی گۆڕاوی بسپۆڕی، ئەمەیش واتە بسپۆڕی هیچ کاریگەرییەکی نییە، لەسەر وەڵامی مامۆستایانی زانکۆی سلێمانی–کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی بۆ واتای ژیان، هۆکاری ئەمەیش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە مامۆستایانی کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی سەرباری جیاوازی لە بسپۆڕی زانستییان، بەڵام هەریەکەیان مانایەکی تایبەتیان بۆ ژیانیان هەیە، وە مامۆستایانی کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی بەوپێیەی لەهەمان ژینگەی زانکۆیی کاردەکەن و هەمان دۆخی دارایی و ئێستای کوردستان کاریگەری هەیە، لەسەر ژیانیان دەکرێت، ئەمە فاکتەرێک بێت بۆ نەبوونی جیاوازی لە بسپۆڕی زانستی بۆ واتای ژیان، لەلایەکی دیکەشەوە بەو پێیەی مامۆستایانی کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی، گرنگی دەدەن بە ڕێکخستنی ژیانیان، کە ئەمەش خۆی لە پابەندبوون بە کات و بەجێهێنانی ئەرکەکانیان و پێشکەشکردنی تواناکانیان دەبینێتەوە هەر ئەمەش فاکتەرە بۆ بوونی واتا بۆ ژیانیان، سەرەڕای ئەوەی کەتایبەتمەندیی خێزان و دۆخی دارایی کاریگەری هەیە، لەسەر دروستکردنی واتای ژیان بۆ هەریەکێک لە مامۆستایانی زانکۆی سلێمانی.

**ئامانجی هەشتەم: زانینی جیاوازی لە ئاستی ئاسایشی دەروونی لای مامۆستایانی کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی زانکۆی سلێمانی بەگوێرەی گۆڕاوی (تەمەن).**

دوای شیکردنەوەی داتاکان لەلایەن توێژەرانەوە بە بەکارهێنانی (one way a nova) بۆ زانینی جیاوازی لە ئاستی ئاسایشی دەروونی لای مامۆستایانی کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی زانکۆی سلێمانی، بەگوێرەی گۆڕاوی (تەمەن)، بەهای جیاکاری نێوان کۆمەڵەکان (38.331) بوو، وە بەهای ناوەندینەی (19.166) بوو، وە بەهای جیاکاری ناو کۆمەڵەکان (2525.651) و بە بەهای ناوەندینەی (47.654)، دوای بەکارهێنانی ئامرازی جیاکاری ( one way a nova) توێژەران بۆیان دەرکەوت، بەهای فائی ژمێردراو (0.402) بوو بچوکترە لە بەهای فائی خشتەیی کە بەهاکەی (٠.٦٧١) لەئاستی بەڵگەداری (٠.٠٥)، ئەمەش ئاماژەیە بۆ نەبوونی جیاوازی لە ئاستی بەڵگەداری ئاماری لەنێوان هەرسێ کۆمەڵەکە، هەروەک لە خشتەی(١٣) خراوەتەڕوو:

خشتەی(١٣)

ڕوونکردنەوەی جیاوازی لە ئاستی ئاسایشی دەروونی ،لای مامۆستایانی کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی زانکۆی سلێمانی بەگوێرەی گۆڕاوی (تەمەن)

| جیاکاری | کۆی چوارگۆشەکان | نمرەی ئازاد | ناوەندینەی چوارگۆشەکان | بەهای فائی F | بەهای بەڵگەداری Sig | ئاستی بەڵگەداری ٠.٠٥ |
|---|---|---|---|---|---|---|
| نێوان کۆمەڵەکان | 38.331 | ٢ | 19.166 | ٠.٤٠٢ | ٠.٦٧١ | بەڵگەدارنییە |
| ناو کۆمەڵەکان | 2525.651 | ٥٣ | 47.654 | | | |
| جیاکاری گشتی | 2563.982 | ٥٥ | | | | |

بە پێی ئەم خشتەیەی سەرەوە دەردەکەوێت، کە جیاوازی نییە لە ئاستی ئاسایشی دەروونی لای مامۆستایانی کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی زانکۆی سلێمانی، بەپێی گۆڕاوی تەمەن. هەرچەندە لەسەر بنەمای تێڕوانینەکەی ماسلۆ کە تەمەن ڕۆڵی لەسەر ئاسایشی دەروونی هەیە، بەڵام نەبوونی جیاوازی لە تەمەنی نموونەی توێژینەوەکە بە بۆچوونی توێژەران ڕەنگە بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئاستی هەڵچوونی هەموویان نزیک بێت لەیەکەوە، کە لە ئەنجامی فشارەکانی کارکردن و پیشەوە ئەم حاڵەتە دروست دەبێت، وە هەروەها دەکرێت، ئەم ئاستەی ئاسایشی دەروونی لای سەرجەم مامۆستایان بۆ ئەوە بگەڕێتەوە، کە لە کاتی خزمەتی زانکۆیدا دووچاری هەمان دۆخی دەروونی ببنەوە، پاشان دابین نەکردنی پێداویستیەکانی خوێندنی زانکۆیی و جێبەجێکردنی داواکارییەکانیان و فەراهەم بوونیان دەکرێت، هۆکارێکی تر بۆ نەبوونی جیاوازی تەمەن بۆ ئاستی ئاسایشی دەروونی بێت.

**ئامانجی نۆیەم: زانینی جیاوازی لە ئاستی واتای ژیان لای مامۆستایانی کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی زانکۆی سلێمانی بەگوێرەی گۆڕاوی (تەمەن).**

دوای شیکردنەوەی داتاکان لەلایەن توێژەرانەوە بە بەکارهێنانی (one way a nova) بۆ زانینی جیاوازی لە ئاستی **واتای ژیان** لای مامۆستایانی کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی زانکۆی **سلێمانی، بەگوێرەی گۆڕاوی** (تەمەن)، بەهای جیاکاری نێوان کۆمەڵەکان (53.862) بوو وە بەهای ناوەندینەی (17.954) بوو، وە بەهای جیاکاری ناو کۆمەڵەکان (2328.352) و بە بەهای ناوەندینەی (44.776)، دوای بەکارهێنانی ئامرازی جیاکاری (one way a nova) توێژەران بۆیان دەرکەوت، بەهای فائی ژمێردراو (٠.٤٠١) بوو بچوکترە لە بەهای فائی خشتەیی کە بەهاکەی (٠.٧٥٣) لەئاستی بەڵگەداری (٠.٠٥)، ئەمەش ئاماژەیە بۆ نەبوونی جیاوازی لە ئاستی بەڵگەداری ئاماری لەنێوان هەرسێ کۆمەڵەکە هەروەک لە خشتەی(١٤) خراوەتەڕوو:

خشتەی(١٤)

ڕوونکردنەوەی جیاوازی لە ئاستی واتای ژیان لای مامۆستایانی کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی زانکۆی سلێمانی بەگوێرەی گۆڕاوی (تەمەن)

| جیاکاری | کۆی چوارگۆشەکان | نمرەی ئازاد | ناوەندینەی چوارگۆشەکان | بەهای فائی F | بەهای بەڵگەداری Sig | ئاستی بەڵگەداری ٠.٠٥ |
|---|---|---|---|---|---|---|
| نێوان کۆمەڵەکان | 53.862 | ٣ | 17.954 | ٠.٤٠١ | ٠.٧٥٣ | بەڵگەدارنییە |
| ناو کۆمەڵەکان | 2328.352 | ٥٢ | 44.776 | | | |
| جیاکاری گشتی | 2382.214 | ٥٥ | | | | |

به پێی ئەم خشـــتەیەی ســـەرەوە دەردەکەوێت، کە جیاوازی نییە لە ئاســـتی واتای ژیان لای مامۆســـتایانی کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی زانکۆی سـلێمانی، بەپێی گۆڕاوی تەمەن. هەرچەندە تەمەن ڕۆڵی هەیە لەســەر واتای ژیان، بەڵام نەبوونی جیاوازی لە تەمەنی نموونەی توێژینەوەکە بە بۆچوونی توێژەران ڕەنگە یەکێک لە هۆکارەکانی ئەوەی کەوای کردووە ئاستی واتای ژیان لای هەموو مامۆستایان، بە گوێرەی تەمەن وەکو یەک بێت، بگەڕێتەوە بۆئەوەی کە دۆخی ژیانی هەموویان نزیکە لەیەکەوە، کە لە ئەنجامی پیشـــەکەیانەوە ئەم حاڵەتە دروســـت دەبێت، وە هەروەها دەکرێت، تاڕادەک ئاســتی واتای ژیان لای ســەرجەم مامۆســتایان بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە لە کاتی خزمەتی زانکۆیدا دووچاری هەمـان دۆخی دارایی و کۆمەڵایەتی ببنەوە، پـاشـــان دابین نەکردنی پێـداویســـتیەکـانی ژیـان و جێبەجێکردنی داواکارییەکانیان و فەراهەم بوونیان دەکرێت، هۆکارێکی تر بێت بۆ نەبوونی جیاوازی بەگوێرەی تەمەن بۆ واتای ژیان لەلایان.

**٤-٢ دەرئەنجامی توێژینەوەکە:**

توێژەران لەمیانەی ئەنجامی توێژینەوەکەیانەوە، گەیشتن بەم دەرئەنجامانەی خوارەوە:

1. ئاستی ئاسایشی دەروونی لای مامۆستایانی کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی زانکۆی سلێمانی بوونی هەیە.

٢. ئاســتی واتای ژیان لای مامۆســتایانی کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی زانکۆی سـلێمانی بوونی هەیە.

٣. پەیوەندییەکی ڕاستەوانە لەنێوان ئاسایشی دەروونی و واتای ژیان لای مامۆستایانی زانکۆی سلێمانیە هەیە.

٤. گۆڕاوەکانی وەکو (ڕەگەز و بسپۆڕی و تەمەن)، کاریگەری نییە لە دەرخستنی جیاوازی لەسەر ئاسایشی دەروونی لای مامۆستایانی زانکۆی سلێمانی.

٥. گۆڕاوەکانی وەکو (بسپۆڕی و تەمەن)، کاریگەری نییە لە دەرخستنی جیاوازی لەسەر واتای ژیان لای مامۆستایانی زانکۆی سلێمانی.

٦- گۆڕاوەکانی وەکو (ڕەگەز)، کاریگەری هەیە لە دەرخسـتنی جیاوازی لەسـەر واتای ژیان، لای مامۆسـتایانی زانکۆی سلێمانی، لەبەرژەوەندی ڕەگەزی (نێر).

**٤-٣ ڕاسپاردەکان:**

لەژێر ڕۆشنایی دەرئەنجامی توێژینەوەکەدا، توێژەران ئەم ڕاسپاردانەی خوارەوە دەخەنەڕوو:

1. توێژەران پێشـنیازی ئەوە دەکەن، کە پێویسـتە بابەتی ئاسـایشـی دەروونی و واتای ژیان پێشکەش بە مامۆسـتایان بکرێت، لەڕێگەی ســـیمیناری زانســـتیەوە بۆ ســـەرجەم بەشـــەکانی کۆلێج لەڕێگەی کەســـانی بســـپۆڕی بواری دەروونزانییەوە.

2. کردنەوە و چـالاککردنی ڕۆڵی ڕاوێژکـاریی و هۆبەی ڕێنمـایی دەروونیی لەنـاو زانکۆکـانـدا، لە ڕێگەی دابینکردنی بسپۆڕیی دەروونیی و پەروەردەییەوە، بە مەبەستی زیاتر بڵاوکردنەوەی زانیاری لەسەر بابەتی ئاسایشی دەروونی و واتای ژیان.

3. هۆشـیارکردنەوەی زیاتری مامۆسـتایان بۆ گرنگی بابەتی ئاسـایشـی دەروونی و واتا ژیان لەڕێگەی سـەرۆکایەتی زانکۆکانەوە.

**٤-٤ پێشنیازەکان:**

بەگوێرەی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە، توێژەران پێشنیازی ئەنجامدانی چەند توێژینەوەیەک دەخەنەڕوو:

1. ئەنجامدانی توێژینەوەیەک و پێکەوەگرێدانی گۆڕاوی ئاســـایشـــی دەروونی بە گۆڕاوەکانی تری، وەکو: (بڕیاردان، دەستکەوتی ئەکادیمی، گونجانی دەروونیی و کۆمەڵایەتیی، ئەوانی تر...).

2. ئەنجـامـدانی توێژینەوەیەک بە ئـامـانجی پێوانەکردنی ئـاســـایشـــی دەروونی و واتـای لەلای تـاکەکـانی گرووپە کۆمەڵایەتییەکانی تری، وەکو: (خوێندکاران، فەرمانبەر، پزیشک، ئەندازیار).

3. ئەنجامدانی توێژینەوەیەک بە ئامانجی ئاشکراکردنی سروشتی پەیوەندیی نێوان ئاسایشی دەروونی و واتای ژیان و

گۆڕاوە دیمۆگرافییەکانی تری، وەکو: (سالانی خزمەت، باری کۆمەلایەتیی، باری دارایی).

## سەرچاوە کوردییەکان:


– بۆکانی، سابیر بەکر، (٢٠١٦) میتۆدی توێژینەوەی زانستی، خانەی چاپ و بلاوکردنەوەی چوارچرا، سلێمانی.

– قەرەچەتانی، کەریم شەریف (٢٠١٨)، پێوان وهەلسەنگاندن لەبواری پەروەردە و دەروونزانی، چاپخانەی زبانی صلح، تەهران_ئێران.

– محمد، نازەنین عوسمان (٢٠٢١)، بنەماکانی دەروونتدروستی، دەزگای چاپ و پەخشی نارین، چاپی دووەم، هەولێر.

– محمد، عبدالصـــمد احمد، (٢٠٢٥): گرێی خۆبەکەمزانین و پەیوەندی بەشـــێوازەکانی پەروەردەکردنەوە لای خوێندکارانی بەشـــی باخچەی مـــنـدالان، گـــۆڤـــاری زانـــکـــۆ بـــۆ زانســـــــتە مـــرۆڤـــایەتـــیەکـــان، بەرگـــی ٢٩، ژمـــارە ٢٨٠١، ســـــالـــی ٢٠٢٥. https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/article/view/2801/1520


## سەرچاوە عەرەبییەکان:


– إبراهيم، مروان عبدالمجيد، (٢٠٠٠) أسس البحث العلمي لإعداد الرسائل الجامعية، مؤسسة الوراق للنشر والتوزيع، عمان.

– أبريعم، سـامية. (٢٠١١). الأمن النفسـي لدى المراهقين دراسـة ميدانية على عينة من طلبة المرحلة الثانوية بولاية تبسـة، دراسـات نفسـية وتربوية، مخبر تطوير الممارسات النفسية، والتربوية عدد6 جوان، ،ص 250 – 279.

– أقرع، إياد.(٢٠٠٥). الشعور بالأمن النفسي وتأثره ببعض المتغيرات لدى طلبة جامعة النجاح الوطنية، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية التربية، جامعة النجاح، نابلس.

– البطش، محمد وليد وفريد كامل أبوزينة، (٢٠٠٧) مناهج البحث العلمي: تصميم البحث والتحليل الاحصائي، دار المسيرة للنشر والتوزيع والطباعة، عمان.

– الجبر ، حسين عبيد (2016)، الأمن النفسي و علاقته بمفهوم القلق لدى طلبة كلية الفنون الجميلة، مجلة جامعة بابل، مجلد(23)، العدد (4)، العراق.

– الجهنى، عبدالرحمن عيد (٢٠١٤)، معنى الحياة و علاقته بالإكتئاب و بمســـتوى الطموح لدى عينة من طلاب الجامعة، مجلة بحوث التربية النوعية، جامعة المنصورة، العدد (35).

– حجاج، عمر. (2014). الأمن النفســـي وعلاقته بالدافعية للتعلم دراســـة ميدانية بثانويات مدينة بريان، مجلة العلوم الإنســـانية والإجتماعية، العدد،16 سبتمر. ص ص .210-191

– الحفني، عبد المنعم (١٩٧٨): موسوعة علم النفس والتحليل النفسي، مكتبة مدبولي – القاهره.

– خطاب، محمد شفيق محمود (٢٠١٧): الامن النفسي و تاثيرها على الابناء، المجلة العلمية لكلية رياض الاطفال، جامعة منصورة.

– خوج، حنان اسـعد. (٢٠١١). معنى الحياة وعلاقته بالرضـا عنها لدى طالبات الجامعة بالمملكة العربية السـعودية، مجلة جامعة ام القرى للعلوم التربوية والنفسية المجلة٣، العدد٢.

– زهران حامد (2002)، دراسات في الصحة النفسية والارشاد النفسي القاهرة، عالم الكتب، مصر.

– سالم، سهير (٢٠٠٥)، معنى الحياة وعلاقته ببعض متغيرات الشخصية، اطروحة الدكتوراه(غير منشورة)، جامعة القاهرة، معهد الدراسات والبحوث.

– السماك، ثامينة (2021)، الامن النفسي و علاقتة ببعض المتغييرات لدى طلبة جامعة الكويت، مجلة جامعة دمشق للأداب والعلوم الإنسانية، مجلد(31)، العدد (2)، سوريا.

– السويركي، رمزي شحدة سعيد (2023), الأمن النفسي وعلاقته بالاستقلال/الاعتمادية وجودة الحياة لدى المعاقين بصريا بمحافظات غزة، رسالة ماجستير منشورة، جامعة الإسلامية غزة، فلسطين.

– عائيشى، سناء (2017)، مستوى الإكتئاب لدى طلبة الجامعة ذوي الإدراك الإيجابي لمعنى الحياة، رسالة ماجستير، جامعة قاصدي مرياح ورقلة، الجزائر.

– عقل، وفاء على سليمان (٢٠٠٩)، الامن النفسي و علاقته بمفهوم ذات لدى المعاقين بصريا، رسالة ماجستير منشورة، جامعة الاسلامية، القاهرة.

– على، عبدالمنعم احمد حسين (٢٠١٤)، الإحساس بالامن النفسي كما يدركه أعضاء هيئة التدريس بجامعة نجران وعلاقته بالرضا الوظيفي لديهم، المجلة التربوية جامعة سوهاج ونجران، المجلة (4)، العدد (38)، مصر.

– فرانكل، فيكتور (1982)، الانسان يبحث عن المعنى: مقدمة في العلاج بالمعنى، ترجمة: طلعت منصور، دار القلم، الكويت، ط1.

– فرانكل، فيكتور (1998)، إرادة المعنى، أسس وتطبيقات العلاج بالمعنى، ترجمه فوزي، القاهرة، دار زهراء الشرق.

– فطوح، زهرة على ابو القاسم. (٢٠٢٢). معنى الحياة وقلق المستقبل وعالقته بالأمن النفسي ومستوى الطموح لد ى عينة من طالب المرحلة الثانوية، مجلة كلية التربية، جامعة طرابلس جنزور.

– قولي، أسامة (2006): العلاج النفسي في الطب والأيمان دار الكتب العلمية، بيروت، لبنان.

– كامل، بشـرى كمال (2019)، معنى الحياة و علاقتها بتقدير الذات لدى الطلبة المرحلة الإعدادية، مجلة الجامعة تكريت للعلوم الإنسـانية، المجلد (26)، العدد (٧).

– محمد، على عودة، ( ٢٠١٢) مناهج البحث في التربية وعلم النفس، مكتبة عدنان, بغداد.

– مطلك ، فاطمة عباس (١٩٩٤): بناء مقياس مقنن للأمن النفسي لطلبة جامعة بغداد ، رسالة ماجستير غير منشورة ، جامعة بغداد ، كلية التربية.

– المعيجل، سـهام مطشـهر (2009)، معنى الحياة وعلاقته بالسـعادة لدى منتسبي جامعة بغداد من التدريسـيين والموظفين،مجلة البحوث التربوية والنفسـية، المجلد (10)،العدد(20)، العراق.

– نعيسة، رغداء (2012): الاغتراب النفسي وعلاقته بالأمن النفسي لدى عينة من طلبة جامعة، مجلة جامعة دمشق، المجلد (20) ، العدد الثاني، سوريا.

– هاشم، زينب (2020)، معنى الحياة و علاقته بالأكتئاب النفسي لدى عينة طلاب الجامعة، مجلة جامعة دمشق، المجلد (36)، العدد (2).

– هيبة، حسـام إسـماعيل، عدوى، طه ربيع طه، غنيم، محمد مصـطفى عبد المغنى (2017). برنامج للعالج النفسـى اإليجابى لتنمية الشـعور مبعنى الحياة لدى عينة من المراهقني ذوى اإلعاقة البصرية، مجلة الغرشاد النفسي، العدد ،50 ج1، أفريل، ص. 599– 653.


## سەرچاوە ئینگلیزییەکان:


- Humble. K., Ahnsjo. S. (2006): personality changes and social adjustment during the first three years of diabetes in children, Acts Pediatric Journal, (70)3, pp 220-33.
- Langle, A. (2003). The Search for Meaning in Life and the Fundamental Existential Motivations. Psychotherapy in Australia. Vol.10. No.1.
- Maslow, A, (1970). Motivation and personality, 2nd Ed. 1, New York, Harper Row.
- Petra, O. (2003). Meaning in Life and Depression: A Comparative Study of the Relation between them across the Life Span. Dissertation Abstracts International, Vol. 64.No.(2-B), P.972.
- Reker, G.T. (2004): Personal meaning in life and psychosocial Adaptation in Youth and Emerging Adulthood. Talk given at Brock Research institute for Youth Studies.


پاشکۆی ژمارە (١)

لیستی ناوی شارەزایان

| ژمارە | ناو | پسپۆریی | پلەی زانستیی | شوێنی کار |
|---|---|---|---|---|
| ١ | د. نازەنین عثمان محمد | دەروونزانی گشتی | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | زانکۆی سلێمانی کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت |
| ٢ | د. نزیره صالح محمد | پەروەردەی تایبەت | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | زانکۆی سلێمانی کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت |
| ٣ | د. ئاڤان عبدالله حسن | پەروەردەی تایبەت | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | زانکۆی سلێمانی کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت |
| ٤ | د. ڕێژین ئومێد صدیق | دەروونزانی کەسێتی | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | زانکۆی سلێمانی کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت |
| ٥ | د. کانی سالار عثمان | پەروەردەی تایبەت | مامۆستا | زانکۆی سلێمانی کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت |

**Psychological Security and Its Relationship to Meaning of Life in A Sample of Sulaimani University Teachers**

**Nihayat Faraj Muhammad**
Department of Special Education, College of Basic Education, University of Sulaimani, Sulaimani City, Kurdistan Region, Iraq.
Nihayat.Muhamed@univsul.edu.iq

**Blal Mahmud Abdulqader**
Department of Special Education, College of Basic Education, University of Sulaimani, Sulaimani City, Kurdistan Region, Iraq.
blal.abdulqader@univsul.edu.iq

**Abstract**:
This research aims to determine the relationship between psychological security and the meaning of life among teachers of the College of Basic Education at the University of Sulaimani, according to the variables (gender, age, specialization). The research sample consists of the teachers of the College of Basic Education, University of Sulaimani, according to the gender variables (male-female) for the academic year (2023-2024). The number of teachers reached (56) in the departments College of Basic Education at the University of Sulaimani. To achieve the objectives of the study, the researchers used the (Aql, 2009) scale for psychological security consisting of (26) paragraphs, and the (Aishi, 2017) scale for the meaning of life consisting of (28) paragraphs with a reliability rate of (86%), then extracting the reliability of the psychological security and meaning of life scale by retesting, which amounted to (0.883) for psychological security, and (0.854) for the meaning of life. After extracting the reliability according to the statistical procedures and reaching the results, the study reached the following:
1- There is a high level of psychological security among teachers of the College of Basic Education at the University of Sulaimani.
2- There is a meaning of life and a high level among teachers of the College of Basic Education at the University of Sulaimani.
3- There is a strong direct relationship between psychological security and the meaning of life among teachers of the College of Basic Education at the University of Sulaimani.
4- There is no statistically significant difference in psychological security and the meaning of life among teachers of the College of Basic Education at the University of Sulaimani according to the variable (age and specialization), but there is a statistically significant difference according to gender (males and females) in favor of males.
**Keywords:** Psychological security, Meaning of life, Teacher, University of Sulaimani.

**الأمن النفسي وعلاقته بمعنى الحياة لدى أساتذة جامعة السليمانية**

**نيهايەت فرج محمد**
**قسم التربية خاصة، كلية التربية الاساسية، جامعة السليمانية، مدينة السليمانية، اقليم كردستان، العراق.**
Nihayat.Muhamed@univsul.edu.iq
**بلال محمود عبدالقادر**
**قسم التربية خاصة، كلية التربية الاساسية، جامعة السليمانية، مدينة السليمانية، اقليم كردستان، العراق.**
blal.abdulqader@univsul.edu.iq

**الملخص**
تهدف هذه البحث إلى تحديد العلاقة بين الأمن النفسي ومعنى الحياة لدى معلمي كلية التربية الأساسية بجامعة السليمانية، وفق متغيرات (الجنس، العمر، التخصص). تتكون عينة البحث من هي تدريسي كلية التربية الاساسية جامعة السليمانية، بحسب متغيري الجنس (ذكر–انثى) للعام الدراسي (2023–2024) بلغ عدد (56) المعلمات في أقسام كلية التربية الاساسية جامعة السليمانية، ولتحقيق أهداف الدراسة، استخدم الباحثان مقياس (عقل، 2009) للأمن النفسي المكون من (26) فقرة، ومقياس (عايشي، 2017) لمعنى الحياة المكون من (28) فقرة وبنسبة ثبات (86%)، ثم استخراج الثبات لمقياس الأمن النفسي ومعنى الحياة عن طريق إعادة الاختبار، والذي بلغ (0.883) للأمن النفسي، و(0.854) لمعنى الحياة، وبعد استخراج الثبات وفق الإجراءات الإحصائية والتوصل إلى النتائج توصلت الدراسة إلى ما يلي:
1 –هناك مستوى مرتفع من الأمن النفسي لدى مدرسي ومدرسات كلية التربية الأساسية بجامعة السليمانية.
2 –هناك معنى للحياة ومستوى عالي لدى مدرسي كلية التربية الأساسية بجامعة السليمانية.

3 .هناك علاقة مباشرة قوية بين الأمن النفسي ومعنى الحياة لدى معلمي ومعلمات كلية التربية الأساسية بجامعة السليمانية.

4- لا يوجد فرق ذو دلالة إحصائية في الأمن النفسي ومعنى الحياة لدى مدرسي ومدرسات كلية التربية الأساسية بجامعة السليمانية وفقاً لمتغير (العمر والتخصص) ولكن يوجد فرق ذو دلالة إحصائية وفقاً للجنس (ذكور وإناث) لصالح الذكور.

الكلمات المفتاحية:الأمن النفسي، معنى الحياة، أستاذ، جامعة السليمانية.